دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٩٣، پێنجشەممە٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی،١٩ی ژانویەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

- **بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەرگی ڕەفسەنجانی** ل٢
- **ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویانەوە** ل٢


ژن لەڕاساندا یان ڕاسانی ژن
٤


مردنی جەللادێکی دێفۆرمخواز!
٥


ئاوڕدانەوەیەک لەشار وەک ژینگەی خەبات
٧


سەفەری ییلدریم بۆ باشووری کوردستان بۆ چ مەبەستێک؟
٩




دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئامریکا، ڕۆژی هەینی یەکی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی بە فەرمی وەکوو سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە سوێند دەخوات.
بەپێی ڕاپۆرتەکان، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بە کاتی واشینگتۆن، دادوەر ڕابێرتز سەرۆکی دیوانی باڵای ئامریکا ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی دۆناڵد ترامپ بەڕێوە دەبات.
پاش ڕێوڕەسمی سوێند خواردن، بەڕێز ترامپ یەکەمین لێدوانی خۆی وەکوو سەرۆک کۆماری نوێی ئامریکا پێشکەش دەکات. شان ئێسپیسێر، وتەبێژی ترامپ پێشتر گوتبووی شیمانە دەکرێت ترامپ پاش دەستبەکاربوونی هەر لە هەمان ڕۆژی هەینی‌دا چەند فەرمانی کردەیی دەربکات. بەوحاڵەشەوە خودی ترامپ بە بڵاوکراوەی "تایمز"ی لەندەنی گوتووە کە؛ "یەکەم ڕۆژ" ی ئەو، لە ڕۆژی شەممەوە دەست پێدەکات.
هاوکات وەلید فارێس، ڕاوێژکاری دۆناڵد ترامپ بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی "العربیە"، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا شاهێدی گۆڕینی سیاسەتەکانی ئامریکا لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا دەبین، گوتی: "گومانی تێدا نییە کە ئاڵوگۆڕ پێکدێت. سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئامریکا ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ حکومەتی ئێران، لە بەرژەوەندیی تەناهیی نەتەوەیی ئامریکادا نابینێت. ئەم ڕێککەوتنە، ئامریکای لە هاوپەیمانە عەرەبەکانی خۆی لە ناوچەکە دوور خستۆتەوە کە ئەوەش جێی نیگەرانییە. لە داهاتوودا شاهێدی نزیکایەتی زیاتری وڵاتانی عەرەبیی کەنداو و واشینگتۆن دەبین".
هاوکات باراک ئۆباما لە پەیامی ماڵئاوایی خۆیدا وەکوو سەرۆک کۆماری ئامریکا، گوتی: "من باشترین ڕاوێژەکانم بە دۆناڵد ترامپ داوە، هەربۆیەش پێشبینی دەکەم ترامپ بەڵێنییەکانی خۆی جێبەجێ بکات". وەکوو ڕەواڵێکی باو، ئەگەر سەرۆک کۆماری نوێ لە حیزبی ڕکابەری سەرۆک کۆماری هەنووکەیی بێت، دەستپێکی کارەکانی بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانە گرینگەکانی سەرۆک کۆماری پێشوو دەست پێدەکات.

## ڕووسیە دژبەرە چەکدارەکانی ئەسەدی بانگهێشتی کۆبوونەوەی ئاستانە کرد

ڕووسیە داوای لە سەرجەم گرووپە چەکدارە دژبەرەکانی بەشار ئەسەد کە پێوەندییان بە داعش یان "جبهە النصرە"ەوە نییە کردووە کە؛ لە گفتوگۆکانی ئاشتی کە لە شاری "ئاستانە"ی پێتەختی قەزاقستان بەڕێوەدەچێت، بەشدار بن.
سێرگێئی لاوڕۆف ڕایگەیاند کە؛ وڵاتەکەی کێشەی لەگەڵ بەشداریی "جیش الاسلام" کە بە تازەیی پەیوەست بە ئاگربەسەکە بووە، نییە.
لاوڕۆف گوتی: نوێنەرانی هەرکام لە گرووپە چەکدارەکان کە لە کۆبوونەوەی ئاستانەدا ئامادە دەبن، هەیئەتی دانووستانکاری گرووپی خۆیان ڕێکدەخەن.
ناوبراو گوتیشی: پێرستی بەشدارانی کۆبوونەوەی ئاستانە بە زوویی دیاری دەکرێت، بەڵام هەمووان و لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەتوانن لەو گفتوگۆیانەدا بەشدار بن.
لە لایەکی دیکەشەوە گرووپی "احرار الشام" ڕایگەیاند کە؛ لەگەڵ ئامادەبوونی هیچکام لە گرووپە چەکدارەکان لەم کۆبوونەوەیەدا کێشەیان نییە، بەڵام بۆخۆیان نوێنەر بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نانێرن.
گرووپە چەکدارەکانی دژبەری ڕێژیمی ئەسەد کە ڕێژەیان دەگاتە ٢٠ گرووپ، پێشتر جەختیاب کردۆتەوە کە کۆبوونەوەی ئاستانە تەنیا دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە نیزامییەکان و پرسی ئاگربەس بێت؛ هەمان بابەت کە لاوڕۆفیش جەختی لەسەر کردۆتەوە.
محەممەد عەلووش لە فەرماندەرانی جیش الاسلام سەرۆکایەتیی گرووپە دژبەرە بەشدارەکان لە کۆبوونەوەی ئاستانەی لە ئەستۆ دەبێت.
لە لایەنی بەرانبەریشدا بەشار جەعفەری سەرۆکی هەیئەتی دانووستانکاری ڕێژیمی ئەسەد دەبێت.
سەرچاوە ئاگادارەکان باسیان لە ئەگەری ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەسی سەرانسەری لە سووریە کردووە. ئەو سەرچاوانە باسیان لەوە کردووە کە؛ بەڵگەنامەی کۆتایی ئەم دانووستانانە بە بەشداریی ڕووسیە، ڕێژیمی ئێران و تورکیە دەنووسرێتەوە و داوا لە ئامریکاش کراوە وەکوو چاوەدێر لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بێت.

## گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران زیاتر دەبێت

سامانتا پاوێر باڵوێزی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد کە نابێ چاوپۆشی لە کردەوەکانی ئێران لە ناوچەدا بکرێت.
بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان سامانتا پاوێر باڵوێزی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوایین دانیشتنی خۆیدا لە شۆڕای ئەمنییەت باسی لەوە کرد کە؛ دژی کردەوە تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوەستنەوە.
پاوێر ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، داوای کردبوو کە گەمارۆی چەک و چۆڵ دژی ڕێژیمی ئێران وەک خۆی بمێنێتەوە و نابێ بە بیانووی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، شۆڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر هەوڵە تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێدەنگ بێت.
ڕێژیمی ئێران بەردەوام پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان دەکات و هەڕەشەی لەناوبردنی ئیسرائیل دەکات.ناوبراو باسی لەوە کردووە کە؛ ئێمە دەبێ پێش بە ڕێژیمی ئێران بگرین تاکوو مل بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵگای جیهانی ڕابکێشیت.
پاوێر لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە کە؛ تاقیکردنەوەی مووشەکە بالستیکەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پێشێلکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانە.ڕۆژی ڕابردووش سەرکۆماری ئامریکا لە بەیانییەیەکدا باسی لە کردەوەی تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران لە کەنداو، سووریە و هەڕشە لە ئیسرائیل کرد و جەختی کردەوە کە بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پشتیوانی لە تێرۆریزم و درێژەدان بە بەرنامەی مووشەکی، بەشێک لە گەمارۆکان لەسەر وڵاتی ئێران وەک خۆی دەمێنێتەوە.

### پەیڤ

## ڕاسان و شار

**کەریم پەرویزی**

شار بە مانا گشتییەکەی و لە ڕاستیدا شوێنی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان، پێگەیەک و سەرچاوەی بنەمایی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و ڕاسانەوەیە و لە شاخەوە شۆڕش کڵپە دەکا و لە شاردا هێز دەگرێتەوە، و بڵێسەدەستێنێ.
گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئەزموونی جۆربەجۆر و هەمەڕەنگی سیاسی و خەباتکاری‌دا بەشدارییان کردووە و هەر چین و گرووپ و توێژ و بەشێک، بە پێی دۆخ و توانایان لە خەباتدا دەوریان هەبووە و ڕۆڵی خۆیانگێڕاوە.سەردەمانێک لە کۆماری کوردستاندا، حیزبی دێموکرات لە نێو شارەکان و لە نیو کوڕ و کۆبوونەوەی خەمخۆر و تێگەیشتوانی گەلەوە سەری هەڵدا و شاری کوردستانی بە شێوازی نوێ هێنایە نێو مێژووی خەبات و سەرهەڵدان و وەکوو پێگەیەکی گرنگی خەباتی سەردەمیانە دەوری گێڕا کە بەداخەوە زۆر درێژەی نەکێشا.لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی پەهلەویشدا کوردستان لە نێو دڵی شار و لە شەقام و کۆڵانەکاندا هێزی جەماوەری نیشان دا و دوایەش لە سەرەڕۆیی و هێرشەکانی پاسدارانی خومەینیدا خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان بوون کە ڕیزی خەباتیان پتەوتر دەکرد و شەقام و کۆڵانەکانیان دەکردە مەتەرێزی بەرگری و خۆڕاگری و، پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بوون. هەر هەمان خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان بوون کە لە قۆناغی دواتر و لە شەڕی شاخ و پارتیزانیدا، پشتیوان و ڕێنوێن و یارمەرتیدەری هێزی پێشمەرگە و تیمەکانی پێشمەرگە بوون.دوای ڕاگرتنی خەباتی چەکداریش، شاری کوردستان ڕۆڵ و دەوری بەرچاوی لە ڕاگرتنی ئیرادە و ورەی خەباتدا هەبووە و لە شێوازی جۆربەجۆردا ئیرادەی نەتەوەییان لە ڕیزی ئەنجومەنی جیاوازی فەرهەنگی و مەدەنی و ڕێپێوان و ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان و سەرهەڵداندا سەلماندوە و دوژمنیان تاساندووە.لە قۆناغی نوێی خەباتدا و لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، خەباتی هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵی کوردی پەڕیوەی تاراوگە و خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان کە بە هێمای شار ناوی دەبەین، ڕۆڵی هاوسەنگ و پێکەوەیان دەبێ و لەم قۆناغەدا پێشمەرگە هێما و ڕەمزی خۆڕاگری و وەرەبەخشییە و شار سەرچاوەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و بەگژ دوژمندا چوونەوە و کوردانی تاراوگەش، پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە و دەنگی ڕاسانی گەل دەبێ لە دنیای دەرەوە.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەرگی ڕەفسەنجانی

## مردنی هاشمیی ڕەفسەنجانی، ڕووخانی یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی کۆماری ئیسلامی

هەواڵی مردنی لەناکاوی ڕەفسەنجانی سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەکەوە جێگای دڵخۆشی بۆ هەموو ئازادیخوازانی ڕاستەقینە لە ئێران و هەموو خەڵکی ستەملێکراوە، و لە لایەکی دیکەوە جێگای داخە کە ئەو هۆکارانەی داپڵۆسین و ئەشکەنجە، لە سێدارەدانی خەڵک و تاوان دژی مرۆڤایەتیانە، ناکەونە بەردەم دادگایەکی خەڵکی و هەموو کون و قوژبنەکانی تاریکی و دژەمرۆیی ئەم ڕێژیمە ئیفشا بکرێ و تاوانباران بە سزای ڕاستەقینەی تاوانەکانیان بگەن.

ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار، لە نەخۆشخانەیەک لە تاران دوکتورەکان نەیانتوانی فریای عەلی ئەکبەری ڕەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم و سەرۆکی پێشووی مەجلیسی خیبرەگان و سەرۆک کۆماری پێشووتر و سەرۆکی پێشووتری مەجلیس و خاوەنی دەیان بەرپرسایەتیی دیکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بکەون و بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە، لە دەستی دادگای دادپەروەرانەی خەڵک ڕایکرد، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی بە پەڵەیەکی ڕەشی تۆمار دەکا.

عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، لە سەردەمی فریوکارییەکانی خومەینی و شاردنەوەی دیوی ڕاستەقینەی ئەو سەرچاوەی ستەمکاری و سەرەڕۆیی و پاوانخوازییەدا دەستی ڕاستی خومەینی و لە کەسە هەرە نزیکەکانی بوو، لە بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی ژمارە ٢ی هەبوو و ئەندامی شۆرای بەناو ئینقلاب بوو کە خومەینی بۆ بەلاڕێدابردنی شۆڕشی گەلان دیاریی کردبوو و دوای کوژرانی باهونەر و بێهێشتی، لە ڕاستیدا یەکەم بڕیاردەری ئەو شۆڕایە بوو. هەروەها داڕێژەری سڕینەوە و لەنێوبردنی هەموو گرووپەکانی بەشدار لە شۆڕشدا بوو کە بەداخەوە هەندێک لەو گرووپانەش یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی ئەوانیتر بوون، هەتاکوو دوایی نۆرەی خۆشیان گەیشت!ڕەفسەنجانی، لە کاتی داڕشتنی یاسای بنەڕەتیدا ڕۆڵی سەرەکیی لە چەواشەکاری لەو یاسایەدا گێڕا و بە دزینی دەسکەوتەکانی شۆڕش بەرگی یاسایی داکەوتووانە و سەرەڕۆیانەی بە بەردا کرد.لە کاتی دامەزراندن و پێکهێنانی مەجلیسێکی لە نێوەڕۆک بەتاڵکراودا، بە ناوی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، سەرۆکی دەورەکانی یەکەم و دووهەمی بوو.

ڕەفسەنجانی داڕێژەری بەرنامەی جێگرەوەی خومەینی بوو و خامنەیی تاوانباری کرد بە ڕێبەری ڕێژیم. هاوکات خۆیشی بوو بە سەرۆک کۆماری ڕێژیم و پێکەوە وڵاتی ئێران و گەلانی نێو ئەم وڵاتەیان بە چارەنووسی ڕەشی کوشتار و ماڵوێرانی و سەرکوت و زیندانی کردن و ئێعدام و ئاوارەیی و ... گەیاند.ڕەفسەنجانی لە بەرپرسایەتییەکانی دیکەی لە کاتی خومەینیدا، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو کە بە واتایەکی دیکە خومەینی هەموو دەسەڵاتی نیزامیی بەو دابوو، تاکوو شەڕ لەگەڵ عێراق ئیدارە بکات؛ شەڕێک کە بەدەیان هەزار کوژراو و بریندار و بێسەروشوێن و دیل و کەمئەندامی بە دیاری بۆ گەلانی ئێران هێنا. هەر لەو کاتەدا بە هێزەکانی سپا و بەسیج و ئەرتەش و کۆمیتەکانی بەناو ئینقلاب و ئیتلاعات و ئۆرگانە نیزامی و شبهە نیزامییەکانی دیکەی ڕێژیمەوە کە خومەینی هەموو پێ ئەسپاردبوو، هەرچی ڕۆڵەی ئازا و ئازادیخوازی نەتەوەکانی ئێران بوون وەدوایان دەکەوت و کارنامەیەکی پڕ لە تاوان و دڕندەیی لەو بوارەشدا هەیە. ناوی ڕەفسەنجانی لە لای زۆرێک لە خەڵکی ئازادیخواز و خەڵکی ئاساییش واتای بێڕەحمی و کوشتار و بێباوک کردنی منداڵ و بێوەژن کردنی ژنان و جەرگسووتانی دایکان دەدا.

ڕەفسەنجانی کە دوای شەڕ و دوای مردنی خومەینی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری ڕێژیم بوو، وێڕای کوشتار و ئێعدام و بێسەروشوێن کردنی خەڵکی ئازادیخواز و مافویست لە نێوخۆ، کارنامەیەکی ڕەش و ئەستووری لە بواری تێرۆر لە دەرەوەی وڵاتیش هەیە کە لە سەردەمی ئەودا یەکەکانی تایبەت بە تێرۆر لە نێو سپای پاسداران و سوپای قودس دروست کران و لە تێرۆرە هەرە بەناوبانگەکان، تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ئۆتریش لە سەر مێزی بەناو وتووێژ بوو کە ڕەفسەنجانی بۆخۆی بەرپرسی پیلانەکە بوو. هەروەها تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلینی ئاڵمان کە دوایە دادگای ئاڵمانیش ڕەفسەنجانیی بە یەکێک لە بڕیاردەرانی تێرۆرەکە ناساند. تێرۆری ناوەندی یەهوودییەکان لە ئارژانتین، پەروەندەیەکی دیکەی ڕەفسەنجانیە کە هێشتاش بە ئاکام نەگەیشتووە و فەرمانی دەستگیرکردنی لەوبارەشەوە بۆ دەرچوو.لاپەڕەیەکی دیکەی کارنامەی ڕەشی ڕەفسەنجانی بریتیە لە بەتاڵانبردنی سامانی وڵات لەژێر ناوی ئاوەدانکردنەوە لە دوای شەڕی ئێران و عێراق، کە باندێکی مافیایی مەترسیداری دامەزراند و هەرچی سامانی وڵات بوو چ ئەوکات و چ ئێستاش هەڵی دەلووشن و ڕەنج و ماڵوێرانیی خەڵک ئاکامی ئەو بەتاڵان بردنانەیە کە ڕەفسەنجانی و خامنەیی و کەسانی دیکەی سەرانی ڕێژیم بەڕێوەی دەبەن. ڕۆڵی ڕەفسەنجانی ڕۆڵی ڕێپیشاندەربوو کە فێری تاڵانی کردن. هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەودا بوو کە سپای پاسداران و ئیتلاعات بەناوی کاری ئابووری و لەو ڕێگەوە هەم سامانی وڵات بەتاڵان ببەن و هەم لەژێر ناوی کۆمپانیاکانی ئابوورییدا کاری تێرۆریستی بکەن. ڕەفسەنجانی کۆڵەکەیەکی گرینگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە بڕگە هەستیارەکانی وەکوو دوای بڕیاری دادگای میکۆنووسدا و یان لە دوای گەمارۆی توندی جیهانی بە دژی ڕێژیم سەبارەت بە پەروەندە ناوکیەکەی، ڕێگای چەواشەکاریی پێشانی سەرانی ڕێژیم دەدا تاکوو بە ناو و دەمامکی دیالۆگی شارستانیەتەکان و یان دەوڵەتی تەدبیر، بە جیهان بڵێ کە ئەوە خەتی پراگماتیکیی و میانەڕەو لە ڕێژیمدا هەیە و بەم شێوەیە دەلاقەیەک بۆ دەربازبوونی ڕێژیم لە تەنگانە بدۆزێتەوە و لە ڕاستیدا سوکانداری دەربازکردنی ڕێژیم لە تەنگانەکان بووە کە تەمەنی ڕێژیمی تاوانباری ئیسلامی درێژتر بکاتەوە.

بێگومان لەم ڕاگەیەندراوەدا ناکرێ هەموو کارنامەی تاوان و ڕیاکاری وفریوکاری و دژەمرۆیی ڕەفسەنجانی باس بکەین، بەڵام ئاماژەیەکی خێرا بە ڕۆڵی ڕەفسەنجانی لە دروستکردنی دادگاکانی بەناو شۆڕشدا کە بە دەیان هەزار کەسیان ئێعدام کرد، ڕۆڵی ڕەفسەنجانی لە شۆڕای پێنج کەسی کە دوای شەڕی ئێران وعێراق وڵاتیان بەناو بەڕێوە برد، بەڵام یەکەم کاریان کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ٦٧ بوو، ڕۆڵی ڕەفسەنجانی لە پەرەدان بە مادە سڕکەرەکان لە نێو نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەتایبەت کوردستان، لە بەتاڵانبردنی هەموو ئاسەوارە مێژوویی و ژێرخاکییەکان، لە دروستکردنی ئۆرگانە نیزامی و ئیتلاعاتییە موازییەکان کە سەرەڕۆیانە خەڵکیان دەگرت و لەنێویان دەبردن، لە قەتڵە زنجیرەییەکان و دەیان ڕۆڵی دیکەی ڕەفسەنجانی بکەین کە لە هەموویاندا مێشکی ژەنگاویی داڕشتنی تاوان بووە.ئەوەی کە لە کۆتاییدا جێگای ئاماژەیە، ئەو ڕۆڵەیە کە ڕەفسەنجانی لە پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەیبووە؛ هەرچەند دژایەتیی قووڵ و لە سەر ئەساسی بەتاڵانبردنی سامانی وڵات و دەست بەسەر سەرچاوەکانی هێزداگرتن لە نێوان ڕەفسەنجانی و خامنەییدا پەیدا بوو و لە ئۆرگانە جۆربە جۆرەکاندا ڕەنگی دەدایەوە، بەڵام هەموو کات مانەوەی ڕێژیم بۆ ئەوان خاڵی یەکلاکەرەوە بووە و هەر ئەوەش بوو کە ڕەفسەنجانیی وا لێ دەکرد کە هەرچەند هێشتا دەسەڵاتی ئابووری و ئیتلاعاتیی زۆری مابوو و هێزی شبهە نیزامیی تایبەتی خۆیی هەر هەبوو، بەڵام خامنەیی زۆر دەسەڵاتی لێ ئەستاندبووەوە و تەنانەت کوڕ و کچەکەشی کە هاودەستی باوکیان بۆ تاڵانکردنی سەرمایەی وڵات بوون، لە زیندان خستبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوانە، ڕەفسەنجانی لەپێناوی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دووبارە هەروەک خامنەیی لە پەیامەکەیدا بۆ مردنی ڕەفسەنجانی باسی کرد، ئۆگرییەکی تایبەتی بەو هەبووە. لە ڕاستیدا ڕەفسەنجانی کۆڵەکەیەک بوو کە بۆ توندڕەوی و سەرەڕۆیی خامنەیی بە شێوەیەک پاساوی دەهێنایەوە کە دونیا پیی وابێ دەکرێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تەعامول بکرێ! مردنی ڕەفسەنجانی ڕەنگە ئەو ئامرازە گرینگەی چەواشەکاری و فریوکارییە لە دەستی کۆماری ئیسلامیدا نەهێڵێتەوە و کۆماری ئیسلامیی ڕاستەقینە دووبارە بە هەموو جیهان نیشان بدرێتەوە.

بەم چەشنە، ئەگەر ژیانی ڕەفسەنجانی کۆڵەکەیەک بوو بۆ ڕاگرتن و درێژەی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە، نەمانی ئەو کۆڵەکەیەش لە داهاتوودا شوێندانەریی خۆی لە سەر ڕێژیم دەبێ. هیوادارین کە سەرانی دیکەی ئەم ڕێژیمە بکەونە دەست دادگایەکی دادپەروەرانەی خەڵکی و هەموو پەروەندەی تاوانەکانیان بۆ خەڵک بخرێتە ڕوو و بە سزای کردارە دژە مرۆییەکانیان بگەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢١ی بەفرانباری ١٣٩٥
١٠ی ژانویەی ٢٠١٧

# حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان دەکات

چالاکانی مەدەنی و خەڵکی کوردستان بە وەڕێخستنی کەمپەینێک جارێکی تر بەرانبەر بە ئێعدام گوتیان:"نا".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چالاکان و هاووڵاتیانی کورد لە شاری سنە توانییان بنەماڵەی سکاڵاکەر لەدژی "هێمن هەورامی‌نژاد"ی ٢٢ ساڵە ڕازی بکەن کە لە بکوژی کوڕەکەیان خۆش بن.

ئەم هەوڵە ئاشتیخوازانە پاش بەدواداچوون و نێونجیگەریی کۆمەڵێک لە هاووڵاتییان و چالاکانی مەدەنی ئەم شارە هاتە ئاراوە و لە کۆتاییدا بنەماڵەی "پویا ئەبولقاسمی" چاوپۆشییان لە حوکمی قەساسی کوڕەکەیان کرد.

"هێمن هەورامی‌نژاد" ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی و لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵدا تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو بوو کە بەهۆیەوە هاوڕێکەی خۆی کوشت و دەزگای دادی ڕێژیم بە تۆمەتی قەتڵی بەئەنقەست حوکمی قەساسی بۆ دەرکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە چالاکانی مەدەنی لە ڕوانسەر بە وەڕێخستنی کەمپەینێک لە ژێرناوی "لێبووردن" خوازیاری کۆبوونەوەی هاووڵاتییانی ئەم شارە لەبەردەم ماڵی "ئۆمید مۆرادی" بوون، تاکوو داوا لە بنەماڵەی ناوبراو بکەن حوکمی ئێعدامی بکوژی کوڕەکەیان هەڵبوەشێننەوە.

بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپەینە کە بە دروشمی "بە قەساسی عادڵ، ئۆمید زیندوو نابێتەوە" چالاکییەکانی خۆیان دەستپێکرد، لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە لە ڕوانسەر بانگهێشت کران و بەشێوەی نووسراو بەڵێنیان لێ وەرگرتوون کە خۆیان لە هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنە ببوێرن.

هەروەها ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ڕوانسەر سەبارەت بە کەمپەینی "لیبووردن" ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە.

ئەم هەوڵە ئاشتیخوازانە کە لەگەڵ پێشوازیی گەرموگوڕی چین و تویژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووەتەوە، گوتاری فەرمیی ڕێژیمی ئێرانی کە بریتییە لە ئێعدام پاژێکی جیانەکراوە لە شوناسەکەی، تووشی قەیران کردووە و نوێنەرایەتی گوتاری "نا بۆ سێدارە" دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی کردن لە هەوڵی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان، پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە وەها هەوڵگەلێک ڕادەگەیەنێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیدا کەرامەتی مرۆڤ وەکوو گرینگترین بایەخی ژیان بە ئەژمار دێنێت کە لە مەنشووری جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا پەسند کراوە و وەکوو "بناغەی ئازادی، یەکسانی و ئاشتی لە جیهان" پێداگریی لەسەر کراوە.

لەم پێوەندییەدا کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات دەڵێ: "ژیانی ئاشتییانە و مرۆڤانە لە کۆمەڵگە، یەکێک لە بنەما و خواستە بنەڕەتییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبی دێموکراتە و ئێمە پێشوازی لە وەها هەوڵ و تێکۆشانێک دەکەین کە دەبێتە هۆی تلۆرانس لە کۆمەڵگادا و خوازیاری بەهێزکردن و پەرەدان بە وەها بیرکردنەوەگەلێکین".

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسی حیزب هەروەها وتی: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەردەوامیی خۆی لە پەرەدان بە توندوتیژی و زاڵ کردنی گوتاری خۆی لە بەرامبەر خوێن و متمانەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت، لە پێش چاوی بیروڕای گشتی حوکمی سێدارە بەڕێوە دەبات و هەڕەشە لە ئاشتیخوازان دەکات کە دەیانگرێت و ئەشکەنجەیان دەدات. پشتیوانی کردن لە هەڵوەشانەوەی ئێعدام و پەرەدان بە ڕۆحی لێبووردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، خەبات لەدژی بنەما فکرییەکانی کۆماری تێرۆر و تۆقاندنی ئیسلامییە".

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات به بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویانەوە



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٥/١٠/٢٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٧/١/١٨ی زایینی، تێکۆشەری دێرین کاک فەتاح کاویان بەهۆی ڕاوەستانی دڵیەوە کۆچی دوایی کرد.

کاک فەتاح کاویان ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە شاری نیشتمانپەروەری مەهاباد، پایتەختی کۆماری کوردستان لەدایک بووە. تا وەرگرتنی دیپلۆم خوێندنی درێژەداوە و پاشان لە زانکۆی تاران لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی لیسانسی وەرگرتووە و بووەتە مامۆستای قوتابخانەکان، وێڕای ئەرکی مامۆستایەتی وەک کەسێکی شارەزا لە بواری زمانەوانی کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتی لە بواری وەرگێڕاندا بەڕێوە بردووە.

کاک فەتاح کاویان بەهۆی ئۆگری بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی لە چنگ زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری و گەیشتنی گەلەکەی بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی، لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کردووە، وەک ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک لە کوردستانی خۆرهەڵات ئەرکی حیزبایەتی بەڕێوە بردووە، و چەندجار بە هۆی ئەو چالاکییانەیەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران خراوەتە ژێر چاوەدیری و ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوییش لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات گیراوە، و زیاتر لە ٢ ساڵ لەلایەن شکەنجەگەرانی ساواکەوە ئازار دراوە، لە ماوەی زیندانی بوونیدا بە پاراستنی نهێنییەکانی حیزب، بە ئامانجەکانی گەلەکەی وەفادار ماوەتەوە و لە شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێرانیشدا دژی ڕێژیمی دیکتاتوری پاشایەتی شان بە شانی هاوڕێیانی خەباتی کردووە و دواتر وازی لە مامۆستایەتی هێناوە و ڕاستەوخۆ لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەرکی حیزبایەتی بەڕێوە بردووە، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. کاک فەتاح کاویان وێڕای تایبەتمەندییە سیاسییەکانی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، قسەخۆش و لەسەردڵان بوو.دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هاوڕێیانی سەرەخۆشی دەکا و لە پرسە و سەرەخۆشی و خەمی لە دەستدانی ئەم تێکۆشەرەدا خۆی بە شەریک و بەشدار دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی کاک فەتاح کاویان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٥/١٠/٣٠ی هەتاوی
٢٠١٧/٠١/١٩ی زایینی

# حەسەن شەرەفی: ڕاسان واتە حزوری بەردەوام و بەرینی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات

سێمینارێک لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" بۆ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوویس بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە شاری زوریخ لە وڵاتی سوویس سێمینارێک لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ئەرکەکان و ئەگەرەکان" بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی سوویس و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ حەسەن شەرەفی بەڕێوە چوو.سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەویی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.پاشان "کامران ڕەسوولی" بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوویس، لە پێوەندی لەگەڵ سێمینارەکەدا وتارێکی کورتی پێشکەش بە بەشداران کرد. ڕەسوولی لە سەرەتای قسەکانیدا وتی: وەک ئاگادارن لە بەهاری ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران خەباتێکی نوێی لەژێر ناوی "ڕاسان" دەست پێکرد و ئەو خەباتە لە ماوەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک پرسیاری بە دوای خۆیدا هینا و بۆ زیاتر تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێداونی خۆی پێشکەش دەکات.

شەرەفی لە سەرەتای قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بە گشتی وتی: "ئێمە کوردین و یەک نەتەوەین و کوردستان یەک وڵاتە، دوژمنان دایانبڕاندووین و کاتێک داوای مافی خۆمان دەکەین بە جوداییخواز تاوانبارمان دەکەن".لە پێوەندی لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان، شەرەفی باسی لەوە کرد: "ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، پێمان وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاونانی جیدی بۆ ئەو پرسە دەبیت سێ فاکتەری "ئابووری، پشتیوانیی دەرەکی و بژیوی خەڵک" لەبەرچاو بگرێت.شەرەفی لە پێوەندی لەگەڵ دۆستەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە؛ کوردی هەر بەشێکی کوردستان مافی خۆیەتی کە دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکانی و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە هەبێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە هێز و لایەنەکان لە هەر بەشێکدا ئەوندە لە دۆستایەتی لەگەڵ داگیرکەران نەچنە پێش کە ڕێگای گەڕانەوەیان نەبێت.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەوە کرد کە؛ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هەمیشە پێمان وابووە چارەنووسی کوردی هەر بەشێک، کوردی ئەو بەشە و هێز و لایەنەکانی ئەو بەشە دیاریی دەکەن.

شەرەفی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات وتی: "ئێمە وەک کورد لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە بە هەموو شێوەیەکی سیستماتیک خەریکی سەرکوتی هەموو گەلانی ئێرانە، ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە کاتێک باسی دێموکراسی دەکەین، دەڵێت ئەوە تایبەت بە ڕۆژئاواییەکانە، کاتێک باسی ماقی ژن دەکەین، دەڵیت ئیمە موسڵمانین، کاتێک باسی مافی نەتەویی دەکەین، دەڵێت هەموومان ئێرانیین، هەربۆیەش وەڵامی ئێمە بۆ ئەوانەی کە باس لە وتووێژ لەگەڵ ئەو ڕێژیمە دەکەن، (نا) دەبێت.

چوونکە لە ئەساسدا هیچ ڕێزێک بۆ ماف و داخوازییەکانی ئێمە دانانێن، ئیدی وتووێژ لەگەڵ کێ و بۆ چی بکەین.

شەرەفی لە درێژەی باسەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵات وتی:"ڕاسان یانی حزووری بەردەوام و بەرینی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی کردنی ئەو خەڵکەی کە خەبات دەکات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەر جۆرە خەباتیک لە نەرمترین شێوەی خۆیشیدا هەزینەی هەیە".بۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمێکی ئاوەهادا، ئەو حیزبەی کە ڕاسانی بەرهەم هێناوە تەبیعەتەن هەزینە و نرخ دەدا و بگرە زیاتریش لەو ڕێگایەدا قوربانی و شەهیدمان دەبێت، ناوبراو لە درێژەی باسەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاساندا باسی ئەوەی کرد کە؛ ڕاسان هەڵقووڵاوی ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە باس لەوە دەکەن کە ڕاسان بەرهەمی دەستێکی دەرەکییە بە هەموو شێوەیەک ڕەد دەکەینەوە.شەرەفی لە دریژەی باسەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسان و هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە وتی: "لە سەرەتای ڕاسانەوە ئیمە لەگەڵ هەموو حیزبەکان دانیشتنمان هەبوو، پاش دەستپێکردنی ڕاسان سەرلەنوێ پێوەندی و دانیشتنمان لەگەل بەشی زۆری حیزبەکان هەبووە و داوامان لێکردوون کە بەشێوەیەک پشتیوانی لە ڕاسان بکەن، مەرج نیە کە تەنیا بواری نیزامییەکەی لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو وتوومانە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن پشتیوانی لەو حەرەکەتە بکەن.

لە بەشی دووهەمی سێمینارەکەدا بەشێکی بەرچاو لە بەشدارن ڕا و بۆچوون ورەخنە و پێشنیاری خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵات و دۆخی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان خستە ڕوو، و دواتر لە لایەن جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

## هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبیان کرد

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات دیداریان کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوت ٢٤ی بەفەرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پێکهاتوو لە "ئەرسەلان بایز و سەعدی ئەحمەد پیرە" ئەندامانی دەفتەری سیاسی و مامۆستا "بەکر" ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا، ڕەوشی سیاسیی کورد، شەڕ دژی داعش و ڕۆڵی کاریگەری کورد و فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسی لەسەر کرا.

لە درێژەی ئەم باسەدا، ئاماژە بەو هەوڵە تازەیە کە ئێستا لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەت لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادایە کرا و ئاکامی ئەو هەوڵانە بە ئەرێنی هەڵسەنگێندرا.لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوشی سیاسیی ئێران شرۆڤە کرا و هەر دوو لایەن لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر کورد یەکیەتی و یەکڕیزیی خۆی بپارێزێ و پارتە سیاسییەکانی بە یەکگرتوویییەوە بەرەوپیری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بڕۆن، بێگومان بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیان دەگەن و هەر بەم یەک هەڵوێستییەیش دۆستەکانیان یارمەتیدەری دەبن.

لە کۆتایی دیدارەکەدا دوو لایەن پێداگرییان لەسەر پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو حیزب کردەوە.

## ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەرز ڕاگیرا.

• سەقز:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سەقز و گوندەکانی دەوروبەری بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە گوندەکانی "پارسانیان، چاپانی خواروو و سەروو، قۆزڵووی سۆفیەل، تیکانلوو، قەیلەسوون و بەوراوا، قارەوا و ئەحمەوئاوای سەرا و هەروەها لە شاری ساحێبی سەر بە سەقز، تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێو شاری سەقز و لە گەڕەکەکانی تەپەی گۆڕە جوولەکە، جووتیاران، بلواری تەربیەت، قەوخ، شەهرەکی دانشگا، پارکی گوڵان، فەلەکەی مادەر و سێڕێیانی بەردبڕان، تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژە مێژووییەیان بڵاو کردەوە.

• بۆکان:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان، ڕێکەوتی٢٣ و ٢٤ی بەفرانبار بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و سیدی و پی‌دی‌ئێفی گۆڤاری تیشک لەم شوینانە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە.مزگەوتی عەبدولڕەحمان سالمی، ساپیا یەدەکی ٢، پاساژی قەڵای سەردار، مزگەوتی جامیعە، پاساژی حەمامی کۆن، شەقامی ئەسڵی لە فەلەکەی ئەسکەندەری تا فەلەکەی فەرمانداری و هەروەها کۆلانەکانی گەڕەکی باغی قازی، زانکۆکانی ئازاد، پەیام نوور و عیلمی کاربۆردی.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ناوچەکانی دەوروبەری مزگەوتی شێخ شەڵتوت، شەقامی دانش، شەقامی بەهاران و کۆڵانەکانی دەوروبەری قوتابخانەکانی دەبیرستانی ئینقلاب و دەبیرستانی فەرهەنگیان، دەبیرستانی "ابوالنصر فارابی"، دەبیرستانی گەورەساڵانی کوڕانەی نوور، دوکتور حسابی، پایەگای موقاوەمەتی مەدەنی، دەبیرستانی ئامنە و ئیدارەی کار، بە شێوەی مۆر و بەرچەسبی ڕاسان و دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.هەروەها ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی بۆکان بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەنووسینی دروشم و بڵاو کردنەوەی تراکت و سیدیی ڕاسان، ڕێزیان لە ئامانجەکانی ٢ی ڕێبەندان گرت و لە شوێنەکانی وەک؛ "پارکی مۆتوڕی شارەداری، گەڕەکی نەساجی، کتێبخانەی مامۆستا حەقیقی، ساڵۆنی وەرزشی ئاموزش و پەروەرش، ساڵۆنی سیمۆرغ، ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش، بەشیکی زۆر لە دەبیرستانەکانی شار و پارکی دەروازەی قەبران و مەقبەرەی سەردار عەزیزخانی موکری، فەلەکەی ئازادگان، دەوروبەری قوتابخانەی کچانەی طلوعی ئازادی، شەقامی ٥٥ هەتا فەلەکەی عەلیاوا. چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی٢٧ی بەفرانباری١٣٩٥ی هەتاوی، لە مەیدانی یاریی تۆپی پێی "خاتم الانبیا"ی شاری بۆکان یاری نێوان تیمی سەرداری بۆکان و شارەوانیی هەمەدان بەڕێوە چوو کە لایەنگرانی دێموکرات لە دەرفەتی کۆبوونەوەی خەڵک کەڵکیان وەرگرت و چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.تێکۆشەرانی دێموکرات لە زۆربەی ماشێنەکانی خەڵک بەرچەسبی ڕاسان و دێموکراتیان دابوو.

• ورمێ:

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی باوان سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ و دزەی مەرگەوەڕ، گردوان، گێسیان، سوولە دووکەڵ، کۆڵەی چرپاوا، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دروشمی تایبەت بەو ڕۆژەیان نوسی و سەدان تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردۆتەوە. هەروەها لە گوندی "خوراسب" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و بە ئاشکرا و لە پێش چاوی خەڵک دروشمیان نووسیوە کە ئەوەش بووەتە مایەی خۆشحاڵیی خەڵک.

• پیرانشار:

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری پیرانشار، شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی بەفرانبار بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان بە شێوەیەکی بەرین لە نێوشار لە شەقامەکانی خومەینی، کاسەکەران، کەمەربەندیی کۆنەخانێ، ٢٤میتری، ١٦میتری، ٣٢میتری، مەنگوڕ، پیران، دوکتور قاسملوو، دۆنەخۆر، کانی جۆ، مەلا ڕەزا، ئیسارگەران، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، ڕێگای شیناوێ لە فەلەکەکانی قورئان، ئۆوراز، سەردەشت، جمهوری ئیسلامی، قەل و قاز، مامۆستا هێمن، گاز، مامۆستا هەژار، نالی، هەواشناسی، کەشاوەرزی و گوندەکانی زەرگەتەن، قسقەپان، دۆڵی گراوێ، باڵاشار، کانیی کۆنە خانێ، فەرهەنگیانی ١و٢و٣. ، نوقتەی A و B و C، شەهرەک سەنعەتی، تێرمیناڵی ڕوستایی، تێرمیناڵی شارستان و هەروەها لە مزگەوتەکانی ئەنسار، قیبلە، حەزرەتی فاتمە، محەممەد ڕەسوڵڵا، چوار یاری نەبی، مەلا شەفیع، قۆدس، جامعەی قدیم و جدید، ئیمام خەلیل، عایشە، حەزرەتی عوسمان، حەزرەتی سمایل، قوبا، سەلمانی فارسی، حەزرەتی عومەر، نوور و قیبلە، قوتابخانەکانی شەوانە ڕۆژیی کچان، کەوسەر، سدوقی، ئایتوڵڵا کاشانی، تاڵەقانی، مامۆستا هەژار، کار و دانش، حیجاب و کوچەکانی شەبنەم لە یەک تا ٢٣، باران، قەڵەم، قەدەم، قدو، تەوحید، نەستەرەن، تەندیس، ژالە، یاران، کوردستان، کەوسەر، یارانی یەک تا ٨، کامیل، کازیوە، کارزان، ڕێبوار، عەلیپوور، نەسیم و زۆربەی کووچەکانی نێوشار، کەلانتەریی ١١و١٢ ئاگاهی، ئابیاری، موخابەرات، تێرمیناڵی نەغەدە - پیرانشار، قوتابخانەی شەوانە ڕۆژی، گردکشانە، پارکی تێرمیناڵی شەهرەک، کووچەی وەلفەجری ٢، مزگەوتەکانی حاجی شەفیع، بە ناو پایگای موقاوەمەت، ئاموزش و پەروەرش، سەبت و ئەحواڵ، فەرمانداری، شارەداری، پایەگای بەسیجی قۆدس، تیپی سپا و هەنگی مەرزیی گوندەکانی شیناوێ، کاسورەدێ، ئامناباد، جڕان، هەنگەوێ، شەختان، بازرگان، باستامبەگ، کونە کێچ، قەڵات، شارستێن، حوجران، خرێ ئاغەڵان، هەر دووک باوەلە، قەبری حوسێن، شیوەمێرە،، کانی شینکە، گەسگەسکی مەنگوڕ، قوبادبەگیان، زەنگیاوێ، دربکە، شنۆزەنگ، کێلێ و بەلەبانتەرکەش، کەوپەر، ئاوخوارده، بێکۆس، گردشەیتان، کانی ئەشکەوت، بادیناوێی مەنگوڕ و پیران، گرد ڕەحمەت، چیانە، کارخانەی قەند، گەرگولی سەرێ و خوارێ، شاوەلە، پەسوێ، گردکشانە، مەیدانی حەیوانان، شنۆ زەنگ، هەوارەبی، خاڵدار، قوبە، کولیچ، زەنگیاوێ و جەڵدیان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبردووە.

• کرماشان:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری کرماشان بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە پارکی لالە، پارکی شیرین، گەڕەکی نەوبەهار، گەڕەکی فێردووسی، گەڕەکی جەوانشێری، مەیدانی جەوانشێر، بڵواری تاقوەسان، مەیدانی تاقوەسان، پارکی شەرقی و غەربی و دانیشگای ڕازیی کرماشان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

• مەهاباد:

بۆ ڕێزگرتن و پێشوازی کردن لە هاتنی ٧١ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری مەهاباد چالاکیی تەبلیغییان لەم شوێنانەی شار بەڕێوە برد: چوارڕێیانی ئازادی، گەڕەکی ئەرمەنیان، سێڕێیانی وەفایی، کۆڵانی قوتابخانەی ڕازیی کۆن وقوتابخانەی شەریکەندی، کۆڵانی چاکەچکوڵە، دەوروبەری ئیدارەی ئیتلاعات، نێو بازاڕ، مەیدانی ئارد، سەربەرداشان، تەپەی قازی و دەوروبەری سێدا وسیما.

• شنۆ:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ بۆ ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان، ٢٥٠٠ تراکتی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان و هەروەها ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیان بڵاو کردووەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو چالاکییانەدا، ٥٠٠ سی‌دی لە وتەکەنی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و فیلمی پێشمەرگەکانی ڕاسان و وێنەی شەهیدانی ڕاسانیان بڵاو کردووەتەوە و دروشمی پێوەندیداریان بەم بۆنەوە نوسییوە.

دروشمی وەک "ڕاسان هەڵگری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆمارە، پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕاسان هێزی پێشمەرگە و هێزی گەلە، ٢ی ڕێبەندان درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختەوەریی کوردانە، دێموکرات هێمای ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە، ژنان لە ریزی پێشەوەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدان و پێشمەرگە بوون ئیرادەی ژیانە" نووسیوە.

• ژاوەرۆی مەریوان:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی ئەویهەنگی ژاوەرۆی مەریوان، بۆ پێشوازی لە ٢ی ڕێبەندان بە هەڵواسینی بەنێر، نووسینی دروشم و هەروەها هەڵدانی ئاڵای کوردستان ساڵڕۆژی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرتووە.

قارەمانانی دێموکرات هەروەها نامەیان لە حەوشی جاش و بەگرێگیراوان هاویشتووە و داوایان لێکردوون کە چەکی ڕێژیم دانێنن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل.

## درێژەی پەیڤ

شار لەم بڕگەیەی خەباتدا، کە هەنگاوی نوێ و ئەزموونی تازەی لێ دەکەوێتەوە، چیدی تەنیا ڕۆڵی یارمەتیدەری نابێ، بەڵکوو دەبێ قۆناغ بە قۆناغ ڕۆڵی سەرەکیی خەباتی پێ بسپێردرێتەوە و شار ببێ بە مەکۆی سەرهەڵدان و بەرخۆدان.شار شوینی پێکەوە ژیانی هەموو ڕەنگەکانی کۆمەڵگایە و خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردیش پێویستی بە ئامادەبوونی هەموو ڕەنگەکانە. هەر لەوکاتەدا دوژمنی داگیرکەر دەیەوێ شار و شاخ لێک دابڕێ و شاخ بکا بە دوورگەیەکی دوورخراوە لە واقیعی کۆمەڵگا و دەستبەسەر شاردا بگرێ. ڕاسانی ڕۆژهەڵات پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژیمی داگیرکەرە کە دەیەوێ شار بە چۆکدا بێنێ و شاخ زنجیر بکا. کرداری خەباتکارانە و ئامانجداری هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لە شار و گوندەکاندا کە بیانەوێ سیحر و تەلیسمی دوژمنان بەتاڵ بکەنەوە و وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادەی خۆسەلماندن و کۆڵنەدەر ژیانێکی سەرفرازانە بکەن، پێویستییەکی گرنگی ئەم وەرزە نوێیەیە و هێزی پێشمەرگەی ڕەمز و هێمای خەباتکاری و گیانفیدایی و وورەبەخشی دەتوانێ پاڵپشتی شار بێ.

# ژن لەڕاساندا یان ڕاسانی ژن





ناهید حسێنی

بەهاری ئەم ساڵ، بە چەکەرەی ڕاسان دەستی پێکرد. ڕاسانێك کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ساڵانێك بوو چاوەڕوانی بوون و بە حەسرەتەوە کاتژمێرییان بۆ دەکرد. بەرنامەی ڕاسان، ئامانجەکانی و شێوەی خەبات لە چوارچێوەی چەمکی ڕاساندا تەنیا لە لوولەی چەکی پێشمەرگەدا بەرتەسك ناکرێتەوە و خەباتێکی فرە ڕەهەندە. خەباتی ژن، ژن لە ڕاساندا یان ڕاسانی ژن کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئەو ڕاسانەیە کە حیزبەکەمان لە سەرەتای ئەمساڵدا، مزگێنیی دەستپێکردنەوەی دا و لە هاوینی ڕابردوودا بە بەخشینی خوێنی ئاڵی بەجەرگترین ڕۆڵە قارەمانەکانی لە کادر و پێشمەرگە و سەرکردەخۆبەخشەکانی، وەکوو کاك کاوە جەوانمەرد و هاوڕێیانی و بەگشتی شەهیدانی ڕاسان لە کێلەشین، قەرەسەقەل و کۆساڵان، ئاڵای بەردەوامبوونی بەرز کردەوە.

چەمکی ڕاسانی ژن یان بەشداریی ژن لە ڕاساندا، وێڕای بەشداریی چالاکانەی ژن لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەو ڕەهەند و لایەنانەی خەباتی ژنانیش دەگرێتەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە مەیدانەکانی دیکەی تێکۆشانی سیاسی لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیی فەرمیی کۆماری ئیسلامی و پێوانە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانیدا ڕادەوەستێ. ئەو خەبات و خۆڕاگرییە سنوور و قاڵب نەناسە، لە ڕاپەڕینی چالاکانە لە دژی سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم لە گوندێکی تەریك کەوتووی سەرشاخانەوە بگرە تا بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنی دایکی شەهیدێك، وەڕێخستنی کەمپێینێکی چالاکی مەدەنی، دانانی شەوی شێعر، مۆسیقا و گۆرانی بۆ ژنان یان پێشەنگایەتی بۆ گۆڕانی پێوانێکی دواکەوتوو لە کۆمەڵگادا دەگرێتەوە.

هەر لە سەرەتای بڕیاری حیزب بۆ پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخ و شار، ژنانی پێشمەرگەی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئامادەیی پتەوەوە هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە و لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتدا هەبوون و ئیرادەی خۆیان نیشان دا. لە پارێزگاری لە بنکە و ناوەندەکانەوە بگرە تا بەشداریی مەیدانی لە بەرەکانی خەباتی چەکدارانەدا، ژنان شان بە شانی لاوان و پیاوانی پێشمەرگە هاتنە پێشەوە تا مزگێنی ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات بگەیەننە گوێی هەموو ویژدانە وەخەبەرهاتووەکانی کۆمەڵگا. ئەو ئامادەییە هەڵمەتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چوونکە ژنانی دێموکرات هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتەوە، پشکی خۆیان لە بزووتنەوەی چەکدارانە و لە دانی قوربانی لە پێناو ئازادیی گەل و بەختەوەریی کۆمەڵگادا بووە. هەبوونی شەهید، بریندار و کەمئەندام لە ڕیزەکانی ژنانی پێشمەرگەدا، بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

بەڵام بەشداریی ژن لە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانەدا تەنیا، چالاکیی پێشمەرگانە و بە دەستەوەگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی ناگرێتەوە. ڕاوەستانی ژنان لە گۆڕەپانی پاراستنی ئەو داخوازی و ویستە سیاسییانەی کە هێزی پێشمەرگە بۆی تێدەکۆشێ زۆر جار بە ڕادەی خەباتی چەکدارانە کاریگەر و شوێندانەرە. وەرەی بەرزی ژنانی ناوچەی شنۆ و پشتیوانییان لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات لە کاتی خۆڕاگریی حەماسیی پێشمەرگە ڕچەشکێنەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکەم هەنگاوی ڕاسانی ئەوساڵ لە ناوچەی شنۆدا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە خەباتی چەکدارانەش دەتوانێ فرە ڕەهەند بێ. پشتیوانیی ڕاشکاوانەی ئەو ژنانەی کە لە بەرگی فەرمیی پێشمەرگایەتیدا نەبوون، بەڵام هاواری ڕاسانیان بەرز کردەوە، مزگێنیدەری پێگەیاندنی بەرەیەکی نوێی پێشمەرگە بۆ بەردەوام کردنی ڕێبازی ئەو شەهیدە سەربەرزانە بوو کە لە خۆڕاگرییەکانی ئەوساڵدا گیانیان بەخت کرد.

ڕۆڵی ژنان لە ڕاسانی ئەوساڵدا وەرچەرخانێکی مێژوویی دیکەشی بە خۆیەوە بینی، چوونکە ئەمساڵ ژنانی دێموکرات نیشانیان دا کە بەڵێ! ئەوان بۆخۆیان ئەکتەری گۆڕەپانی چالاکیین و چیدیکە ڕێگا نادەن کە تەنیا وەك یەدەك و پاڵپشت، بە شێوەی لاوەکی لە پشت پیاوان و لە ڕیزی دووهەمی خەباتدا جێگایان بۆ دیاری بکرێ. ئەگەرچی لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەمیشە دەرفەت و دەرەتانی خەباتی بۆ ژنان ڕەخساندووە و جێگە و پێگەی ژنانی هاوشان لە گەڵ پێگەی پیاو لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا پێناسە و مسۆگەر کردووە، بەڵام بە هۆی تێکهەڵکێشێکی نێوان داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڵ پاشماوە سوننەتییەکانی پیاوەمزنی لە ڕیزەکانی خەباتدا، ژنان، وێڕای فیداکاری و هەوڵی بێوچان، بەڵام بە دەگمەن دەیانتوانی بگەنە لووتکە. بە ڕاسانی ئەمساڵ ژنان سەلماندیان کە جێگەی ئەوان دەتوانێ لە لووتکەی سەرەوەریدا بێ. بە شێوەیەك کە ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتیانەی کە بە کردەوە ڕۆڵ و کاریگەریی بەشداریی ژنانیان لە تێکۆشانی نەتەوەییدا کەمڕەنگ دەکردەوە، دەوریان کەمتر بێ و بەستەڵەکەکانی ڕێگر لە سەر ڕێی پێشکەوتنی دەوری ژنان لە شۆڕشدا بتوێنەوە.

چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی یەکێکی دیکە لە گۆڕەپانەکانی تێکۆشانی سەربەرزانەی ژنانی کورد بۆ ئازادی بوون کە لە مانگەکانی ڕابردوودا، پایەکانی کۆشکی زۆرداریی هەژاند و دەنگی ڕاسانیان بەرز کردەوە. ناوبانگی خۆڕاگریی ژنانی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە بەرز و جێگای شانای بووە. بەڵام لەو مانگانەی دواییدا، ئەو خۆڕاگرییە هێز و ئیرادەیەکی لە شکان نەهاتووتری بە خۆیەوە بینی و بە دەنگێکی بەرزتر و بوێرانەتر، لە بەرانبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا هاواری کرد. هەڵوێست و بانگەوازە پەیتا پەیتاکانی ژنانی خۆڕاگری نیشتمان لە گرتووخانە سەدە نێوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، دەری خست کە ئیرادەی ئازادیخوازانەی ژنانی ڕاپەڕیوی کوردستان، زۆر لە بەند و زنجیرەکانی زۆرداری بەهێزتر و کاریگەرترە. ژنە شۆڕشگێڕە بەندکراوەکان، لە نێو قەفەسی زیندانیشدا سەلماندیان کە ئەوان دەتوانن پێشەنگ بن و بێمنەت بژین. ئەو ڕاسانەی ژنانی دەست بە سەرکراو، ئەگەر بێوێنەش نەبێ، لەو دەگمەن وێنانەیە کە لە مێژووی ئازادیخوازیی گەلانی جیهاندا بینراون و ئێستا ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاڵای پێشەنگایەتییان بەدەستەوە گرتووە تا بە دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکانی ئێران بسەلمێنن کە دەتوانن لە نێو قەفەسی زیندانیشەوە، ببن بە مێعماری داهاتوویەکی گەشتر بۆ گەلەکەیان. بەشداریی ڕاستەوخۆی ژنان لە خەباتی ئاشکرا لە دوو بەرەی خەباتی چەکدارانە و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە لە بەندیخانەدا، دوو بواری سەرەکیی خەباتی ژنان بوون کە لە ڕاسانی ئەو جارەدا بە ڕوونی دیار بوون. بەڵام گۆڕەپانی دەورگێڕانی ژنان لە شێوەکانی دیکەی خەباتیشدا، وەکوو چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، وێژەی نەتەوەیی، بەربەرەکانێ لەگەڵ نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا و خەبات بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی، هەروەها تێکۆشانیان بۆ ئامادەکردنی بەستێن بۆ دیالۆگی نەتەوەیی لە نێوان ئەکتەرە سیاسییە بەشدارەکان لە دیمەنی سیاسیی کوردستانیشدا ڕاسانێکی سەرنج ڕاکێشی بە خۆیەوە بینی. لە مەرجە سەختەکانی خەبات و خۆڕاگری لە نێوخۆی کوردستانەوە بگرە تا چالاکییە سیاسییە سەربەستەکانی ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات، لەو مانگانەی دواییدا، ژنانی کورد چالاکانەتر لە هەموو کاتێك دەوریان بووە و ئیرادەیان لە خۆیان نواندووە. بەشێکی زۆری ئەو چالاکییە سیاسییانەی کە بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی ڕاسانی ئەوجارەی ڕۆژهەڵات ئەنجام دراون، بە بەشداری و هێندێکیان بە پێشەنگایەتیی ڕاستەوخۆی ژنان ئەنجام دران. ژنان هەر وەها لە گۆڕەپانەکانی خەباتی مەدەنی، پێوەندییە سیاسی و نێونەتەوەییەکان، نووسین و ڕادەربڕین لە ماڵپەڕە ئینتێرنێتی و کۆمەڵایەتییەکان و... هتد، چالاکانە بەشدار بوون و سەلماندیان کە ئیدی دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ، بە ویست و ئیرادەی خۆیان لە هەبوون و داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانیان پشتیوانی بکەن و هاوشانی پیاوان لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە دەور بگێڕن.

هەر ئەو شێوە چالاکیانەی کە باس کران، ڕێخۆشکەری وەرچەرخانێك بوون لە شێوەی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا لە گەڵ ژنانی چالاك و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان. چوونکە پێشەنگایەتیی کار و چالاکییە سیاسییەکان، ڕادەربڕین و بەکارهێنانی چالاکانەی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییە ئینتێرنێتییەکان و دامەزراندنی پێوەندییەکی بەربڵاوتر و سنووربەزێنی کۆمەڵایەتی، بوو بە یارمەتیدەر تا ژنان دەرگا بەرەو ڕووی شێوەیەکی نوێی ئازادی و ئازادیخوازیدا بکەنەوە کە تا ئەو دواییانەش وەکوو تەلیسم یان تابوو چاوی لێ دەکرا. ئەو شێوە خەباتە دەتوانێ ببێ بە بەردی بناغە و کۆڵەکەیەکی قورس و قایمی بەرەو پێش بردن و بەئەنجام گەیاندنی ڕاسان.

لە بواری چالاکییە کولتوورییەکانیشەوە، ئێستا ژنانی ڕۆژهەڵات خەریکی ڕاسانێکی مێژوویین. ڕچەشکێنی ئەو ڕەهەندە، کچان و ژنانی هونەرمەند لە بوارە جیاوازەکانی کولتووریدان کە خەریکن قاڵبی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا دەشکێنن و هەست و هەبوون و جوانیەکانی نێو دڵ و دەروونی کۆمەڵگای ڕەسەنی کوردەواری لە قاڵبێکی ئەمڕۆیی و هاوچەرخدا دادەڕێژنەوە. پێشکەوتنی ژنانی کورد لە بواری هونەر و کولتوورەوە، خەریکە گەشانەوەیەکی بێوێنە بە خۆیەوە دەبینێ و ئەوەش، حەز و هیوای بەرەی نوێ و داهاتوو بۆ ڕەسەنیی و بەرزیی کولتووری کوردەواری، کە بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەییە بەهێزتر دەکا.

گەشە پێدانی وێژەی نەتەوەیی، یەکێکی دیکە لە بوارەکانی تێکۆشانی ژنان بۆ بەهێز کردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی بوو کە لەو گۆڕەپانەش دا، ڕاسانی وێژەی نەتەوەیی لە بەرهەم و دەوری ژنانی کورد بێبەش نەبووە. تەنانەت لە زۆر بواردا، شوێن پەنجە و قەڵەمی ژنانی نووسەر و داهێنەری کورد زیاتر و قووڵتر خۆی نواندوە و کاریگەریی بەهێزتری داناوە. دەوری چالاکییە هونەری، ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەرییەکانی ژنان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و هارووژاندنی باس و خواسی پێوەندیدار بە چارەنووس و مافی تاکەوە، بۆتە هۆکار کە خەبات بۆ دادخوازی، یەکسانی و داواکردنی مافە نەتەوەییەکان بە شێوەکی بە ڕێکخراوتر و لە قاڵبێکی ئەوڕۆییدا بکەوێتە ڕۆژەڤی کۆمەڵگایەوە. ئەو هەنگاوەش دەوری ڕاستەوخۆی لە سەر بەربەرکانێ لەگەڵ نەریتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان و لەو ڕێگایەشەوە ئامادە کردنی بەستێن بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا دەگێڕێ.

بەشداریی چالاکانەتری ژنان لە هەموو بوارەکانی خەباتدا، مەرجێکی سەرەکی بۆ بەهێز کردنی ڕوانگەی یەکسانیخوازی و قبووڵی چەمکی یەکسانیی کۆمەڵایەتییە. بە کردەوەش دەرکەوتووە کە هەر ئایدیۆلۆژی و ڕێبازێکی سیاسی کە خۆی بە پارێزەر و بەرەوپێشبەری یەکسانیی کۆمەڵایەتی ناساندووە، بە کردەوە نەیتوانیوە هەنگاوێك لەو ئامانجە نزیك بێتەوە، بە بێ ئەوەی کە ڕێگای دابێ ژنان لە ئاستەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبەریدا خاوەن دەوری کاریگەر بن. بەشداریی چالاکانەی ژنان لە ڕاساندا لەو بوارەشەوە گرینگە کە ژن لەو ڕێگایەوە، بە هێز و ئیرادەی خۆی بوار و بەستێنی بۆ بەشداری کردن لە بڕیاردان و بەڕێوەبەریی‌دا خۆش بکات و بە کردەوە یەکسانیی کۆمەڵایەتی جێگیر بکات.

هزری ڕاسان لە خەباتی ژناندا لە بواری یەکیەتیی نەتەوەییشدا خاوەن دەور و پڕۆژە بوو. ڕەنگە دیارترین چالاکی بۆ نیشاندانی دەوری ژنان لە بەهێز کردنی بەستێن بۆ دیالۆگی نەتەوەیی، ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە سەربەخۆیانەی ژنان بووبێ کە سنووری حیزبی، ناوچەیی و ئایدیۆلۆژیی تێپەڕ کرد و ڕیزە کۆبوونەوە و چالاکیەکی بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ خست. هاوتەریب لە گەڵ ئەو تێکۆشانە، ژنان دەورێکی چالاکیان بۆ گۆڕینی زێهنیەتی پیاوناوەندی و پیاوسالاری لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردستاندا گێڕا. ڕەنگە لە قۆناغێکدا کاریگەریی ئەو چالاکییانە هێندێك هاندەرانە و کەم بێ، بەڵام لە ڕەوتی خەبات بۆ چارەسەرکردنی برینە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەوری ئەو شێوە چالاکییانە هەمیشە ئەرێنی و چاككەرەوەیە. ئەو شێوە دەورگێڕانە، ئیرادەیەکی نوێی پتەو و خاوەن کاریگەری لە ژنان پێشان دەدا کە ڕێگا بۆ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە کۆمەڵگا و خەباتی نەتەوایەتیی کوردستاندا خۆش دەکات.

بە کورتی ڕاسانی ژنان لە هەموو بوارەکانی خەباتدا، کاریگەریی بەرچاوی لە سەر چالاکتر کردنی هەموو پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگا لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکاندا هەیە. وەگەڕ خستنی ئەو پۆتانسیەلانە، بە بێ ڕاسانی ژنان یا بەشداریی چالاکانەی ژنان لە ڕاساندا دەستەبەر نەدەبوو. هەمووی ئەو چالاکییانە دەکەونە بەرەی دژی پێوانە داسەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییەوە. کۆمەڵێك پێوان و ڕێچکە و ڕێباز کە ئەگەر لە بنەڕەت ڕا ڕیشە کێش نەکرێن، تەنانەت بە ڕووخاندنی ڕێژیمیش، دەرگای گۆڕانکاری، دێموکراسی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی ناکرێتەوە. بۆیە ڕاسانی ژنان مزگێنیدەری داهاتوویەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و گەلانی ناوچەیە. ژن لە "ڕاسان"دا یان ڕاسانی ژن، ڕێخۆشکەری ڕاسانی هەموو کۆمەڵگا و وەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانییە.








تەقینەوەی ئامیا - ئارژانتین

ڕێستورانی میکۆنووس و ناوەندی جوولەکەکانی ئارژانتین «ئامیا»- ئاسەوارەکانی تیرۆریزمی ڕەفسەنجانی

# مردنی جەللادێکی دێفۆرمخواز!

جەمیل کولاهی

ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، یەکێک لە کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامی مرد. کەسێک کە لە هەموو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە تیرۆر و سەرکوتەوە بگرە تا لەسێدارەدان، زیندانیکردن و دەیان جینایەتی دیکەدا دەستی باڵای هەبووە و لە دوو دادگای ئاڵمان (میکۆنووس) بە بۆنەی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئارژانتین (ئامیا) و تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان، بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ دەرچووبوو! لە سەر ڕۆڵی ڕەفسەنجانی لەو جینایەتانەدا زۆر گوتراوە و زۆر بیستراوە، بۆیە لەم وتارەدا دیسانەوە ئەوەی کە پێشتر گوتراوە دووپاتە نابێتەوە، بەڵکوو لە سەر لایەنێک قسە دەکرێت کە یان باسی لە سەر نەکراوە یان کەمتر باسی لە سەر کراوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕەفسەنجانی جینایەتکارێکی دەگمەنی مێژووی مرۆڤایەتی بوو، بەڵام لە کاتی مردنییەوە هەوڵێک بۆ پیرۆزکردنی لە ئارادایە، ئەم هەوڵە لە لایەن بەشێک لە نوخبە و ئۆپۆزیسیونی ڕەفسەنجانی و تەنانەت هێندێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە دەدرێت! هاوکات لە گەڵ ئەوە لە نێوخۆی ئێرانیشدا گەورەترین پرسەی لە دوای پرسەی خۆمەینییەوە بۆ گیرا! لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەم دۆخە بۆچی لە ئێراندا خولقاوە کە خەڵک عاشقی سەرکوتکەر و جەللادەکەی خۆیان بوونە؟ یان بە واتایەکی دیکە هۆی تووشبوونی خەڵک بە سەندرۆمی ستۆکهۆلم لە ئێراندا چیە؟ ڕۆڵی ڕەفسەنجانی لە پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا چیە؟

وڵامی ئەم پرسیارە لە شێوەی دەسەڵاتداری لە ئێراندایە کە دەسەڵاتێکی تۆتالیتێرە! بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتێر چۆن دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەو دۆخەی کە پرسیاری لە سەر ساز کرا؟

تۆتالیتێر بە ڕێژیمگەلێک دەڵێن کە بە سەر هەموو چالاکییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکاندا چاوەدێری دەکەن، لەم سیستمگەلەدا دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن حیزبێکەوە قۆرخ دەکرێ و هەر چەشنە چاودێرییەکی ئازادانەی کۆمەڵگە لە نێو دەبرێت، لە تیرۆر بۆ سەرکوتی دژبەران کەڵک وەردەگیرێت و هەوڵ دەدرێ کە کۆمەڵگە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی حیزبی بار بهێنرێت (١). دەسەڵاتی تۆتالیتێر کە لە کۆمەڵگەی مێگەلیدا پێک دێ، بە لە نێو بردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نەریتە سیاسییەکان، مافەکانی کۆمەڵگە و بەمێگەلکردنی چینەکانی ناو کۆمەڵگە دۆخی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مێگەلی لەبارتر دەکات. تۆتالیتاریزم لە ڕێگەی ئیدئۆلۆژییەوە بە دوو شێوە کۆمەڵگەی مەدەنی تێک دەشکێنێ و دۆخی لەبار بۆ کۆمەڵگەی مێگەلی پێک دەهێنێت:

یەکەم لە ڕێگەی تێکدانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و دووهەم لە ڕێگەی تێکدانی تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە واقعییەت(٢). مێگەل بە خەڵکانێک دەگوترێ کە بە هۆی ئەوەی کە شتێک زیاتر لە کۆمەڵە تاکێکی بێ‌شوناس و خەمسارد نین و ناکرێ لە نێو ڕێکخراوێکدا کە بنەماکەی قازانجی گشتییە یان لە نێو پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سینفی و کرێکارییەکاندا ڕێک بخرێن. ئاکامی ئەندامگیریی بزووتنەوەگەلی تۆتالیتێر لە نێو مێگەلدا ئەوەیە کە زۆرینەی ئەندامەکانیان کەسانێکن کە پێشتر لە مەیدانی سیاسەتدا بەشدار نەبوونە کە دەبێتە هۆی خەمساردیی ئەوان لە بەرانبەر ڕەخنەی دژبەرانی سیاسیی بزووتنەوە تۆتالیتێرەکەدا(٣). ئامانجی بزووتنەوەگەلی تۆتالیتێر ڕێکخستنی مێگەلە کە ئەم مێگەلە بەرهەمی دارمانی پێکهاتەی چینایەتییە.

لە ئاکامی ئەم دارمانەدا تاکەکان سەرگەردان دەبن و خاوەنی هیچ چەشنە پێوەندی، بەرژەوەندی و شوناسێک نین(٤). لە ڕوانگەی هانا ئارنتەوە گرینگترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەگەلی تۆتالیتاریستی ئەوەیە کە بە خێرایی لە بیر دەکرێن، ئەم تایبەتمەندییە لە بارەی چۆنییەتیی ناوبانگی ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیەوە ڕاستترە. ئەم تایبەتمەندییە پێوەندیی بە لەرزۆکیی مێگەلەوە هەیە. بەڵام ئەوە هەڵەیە کە بە بۆنەی ئەم تایبەتمەندییەوە لە بیر بکەین کە ڕێژیمگەلی تۆتالیتێر تا ئەو کاتەی کە لە دەسەڵاتدان و ڕێبەرانی تۆتالیتێر تا ئەو کاتەی کە زیندوون، تا کۆتایی پاڵپشتیی مێگەلیان هەیە(٥).

بە گشتی سیستمی تۆتالیتێر تێدەکۆشێ کە ئیدئۆلۆژیی خۆی بە سەر واقعییەتدا بسەپێنێ و لە سەر ئەساسی ئەم ئیدئۆلۆژییە لە هەموو بوارەکاندا دەستێوەردان بکات. ئەم ئیدئۆلۆژییە کۆمەڵێک باوەڕی سیاسی-مەزهەبیی گشتگیرە کە هەموان دەبێ پێی وەفادار بن. لە سەر ئەساسی ئەم ئیدئۆلۆژییە ڕێژیمی تۆتالیتێر لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵدا دەستێوەردان دەکات. بەم شێوەیە بە کردەوە هەموو بوارە تایبەتی و ناسیاسییەکانی ژیان لە نێو دەبات، ئەم کارە نەبوونی فرەباوەڕی و سەلیقە و شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان و سەرکوتی جیابیرانی لێ دەکەوێتەوە!

بە پێی بۆچوونی کارل فرێدریش و زبیگنیو بێرژینسکی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان شەش تایبەتمەندییان هەیە(٦) کە بریتین لە:

١. ئەم حکوومەتانە لە سەر ئەساسی ئیدئۆلۆژی پێک دێن.

٢. لەم وڵاتانەدا فرەحیزبی بوونی نیە و وڵات بە کردەوە تاک حیزبییە و بەڕێوەبەریی سیاسیی وڵات، بانگەشەی کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەیی لە ئەستۆی ئەم حیزبەیە. ڕێبەریی ئەم حیزبە بە گشتیی تەنیا لە لایەن یەک کەسەوەیە. ڕێبەریی ئەم حیزبە یان ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی خودی ڕێبەری ئۆتۆکراتیکی وڵاتە یان لە ئەستۆی کەسێکی جێی باوەڕی ڕێبەری ئۆتۆکراتیکە.

٣. حکوومەت بۆ بەرگری لە خۆی لە بەرانبەر ڕابوون و هێرشەکاندا هێزێکی نیزامیی تیرۆریستیی هەیە.

٤. هەموو ئامرازی ڕاگەیاندن و ڕاگەیەنە گشتییەکان یان لە پاوانی حکوومەتدان یان لە لایەن حکوومەتەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێن.

٥. دەوڵەت هیچ تاک یان ڕەوتێکی چەکدار لە تەنیشت خۆیدا قبووڵ ناکات.

٦. ئابووری لەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی ناوەندی لە لایەن حکوومەتەوە ڕێبەری دەکرێت. بە واتایەکی دیکە ئابووری لەو وەڵاتانەدا دەوڵەتییە.

ژوان لینز و ئالفرێد ستێپان لە باسێکی تەکمیلیدا ئەم شەش خاڵەدا دەڵێن کە: "هەرکات ڕێژیمێک توانیی هەموو پلۆرالیزمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنووکەیی لە نێو ببات و لە ئیدئۆلۆژییەکی یۆتۆپیایی و ڕوون و تاک پێڕەوی بکات و توانایی ڕێکخستنی بەربڵاو و بەهێزی هەبێ و خاوەنی ڕێبەرێکی کاریزماتیک بێت و هیچ شتێک نەتوانێ دەسەڵاتی سنووردار بکات و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی بۆ رووناکبیر و مێگەل چاوەڕواننەکراو بێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە ئەم حکوومەتە تۆتالیتێرە". (٧)

ئەوە تایبەتمەندیی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانە کە تێدەکۆشێ مرۆڤەکان بە شێوەیەک ڕێک بخات کە فرەیی و جیاوازیی بێ‌سنووریان لە نێو بەروات و هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی تاکێکی تەریککەوتوو لێ بکات. ئەم ویستە کاتێک ئیمکانی جێبەجێبوونی هەیە کە هەموو تاکەکان بە شێوەیەک بگۆڕدرێن کە لە بەرانبەر هێندێک کردەوەی تایبەتدا، دژکردەوەی وەک یەک و هاوشێوەی یەکتر نیشان بدەن! یەکەمین هەنگاو بۆ زاڵبوونی هەمەلایەنە، کوشتنی کەسایەتیی حقووقی لە مرۆڤەکاندایە کە ئەم ئامانجە لە لایەکەوە لە سەندنەوەی پاڵپشتیی یاسا لە خەڵکانێک و لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی دەستەگەلێک لە خەڵک کە یاسا نایانگرێتەوە و کردەوەکانیان لە سەرووی یاساوەیە، جێبەجێ دەبێ! هەنگاوی گرینگی دووهەم کوشتنی کەسایەتیی ئەخلاقی لە مرۆڤەکاندایە! تۆتالیتاریزم لە ڕێگەی پێکهێنانی دۆخێکەوە کە ویژدان کاریگەریی خۆی لە دەست دەدات و ئیمکانی جێبەجێکردنی کاری باش نامێنێت، توانیی هاودەستیی ئاگایانە و ڕێکخراوی هەمو مرۆڤەکان لە جینایەتەکانی سیستمی تۆتالیتێردا پەرە پێ بدات! (٨) نموونەی ئەم تایبەتمەندییە سەرکوتی بزووتنەوەی کوردە کە حکوومەت و کۆمەڵگە مێگەلییەکە سازیان کردووە و یەک دژکردەوەی هەیە و کۆمەڵگەکە جینایەتەکانی ڕێژیم تەئید دەکات!

ئێستا دێینەوە سەر باسی ڕ ە فسە نجا نی !

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاکامی بەلاڕێدابردنی شۆڕشێکدا هاتە سەر کار، بۆ جێگیربوونی ئیدئۆلۆژیی تۆتالیتاریستیی خۆی پێویستی بە کەسانێکی بێبەزەیی و جەلادی وەک ڕەفسەنجانی بوو. چوونکە لە ڕاستیدا شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران تەنیا لە لایەن مەلاکانەوە نەکرا، بەڵکوو هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێران بە هەموو جۆرە ئیدئۆلۆژی و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆیانەوە تێیدا بەشدار بوون! لە وەها دۆخێکدا کە پلۆرالیزمێکی سیاسی تێیدا بەدی دەکرێت، تاقە گرووپێک تەنیا بە تێپەڕین بە نێو ڕووباری خوێندا بە حکوومەتی تۆتالیتێر دەگات! چوونکە لەگەڵ دژکردەوەی لایەنەکانی دیکە بەرەوڕوو دەبێت. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە حکوومەتی دڵخوازی خۆی ڕووبارێک لە خوێنی لە ئێراندا پێک هێنا و هەموو جیابیران و نەیارانی خۆی قەڵاچۆ کرد!

لە ماوەی ئەم نزیک بە چوار دەیەیەدا سەلمێنراوە کە تیمی ڕەفسەنجانی لە هەموو جینایەتەکاندا کە بە جێگیربوونی ڕێژیمی ئێستای ئێران دەستی پێکرد، بەشدار بووە! ڕەفسەنجانی کە ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی بوو، ئەم ئەنجومەنە لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩وە زانستگەکانی داخست و شۆڕشی فەرهەنگیی بە مەبەستی ڕاوانی مامۆستا و خوێندکارە جیابیرەکان دەست پێ کرد و ئیدئۆلۆژیی ئیسلامییان بە سەر زانستگەدا سەپاند. ناوبراو لە درێژەدان بە شەڕی ئێران و عێراقدا دەستێکی باڵای هەبووە کە مەبەستی لەو کارەش سەرکوتی نەیارانی ڕێژیم لە ناوخۆی ئێراندا بوو. هەر لە تیرۆرەکانی ناو دەزگای حکوومەتەوە بگرە تا دەگاتە قەڵاچۆکردنی حیزبەکانی ئێران و شەڕی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران، لەم ماوەیەدا ڕوویان داوە. لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی زیندانیانی سیاسی، پاڵپشتیکردن لە عەلی خامنەیی چ لە کاتی سەرکۆماریی ناوبراودا و چ لە کاتی دیاریکرانیدا وەکوو ڕێبەری ڕێژیم، لە کردەوەکانی رفسنجانی بۆ جێگیرکردنی ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. تێرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم لە دەرەوەی ئێرانیش کە زۆربەی هەرەزۆریان لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەودا ڕوویان دا و هەروەها قەتڵە زنجیرەییەکان لە ژێر دەسەڵات و ڕێنوێنیی ناوبراودا بووە!

ئەم کردەوانە بوون بە هۆی ئەوەی کە بەدەر لە ڕێژیم و دامودەزگاکانی، هیچ لایەنێکی دیکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا نەمێنێتەوە. چوونکە تیمی ڕەفسەنجانی بە کردەوە هەموو حیزب و کەسایەتییە جیابیرەکانی لە ئێراندا ڕاو نابوو. ئیتر حیزبێک نەمابوو کە خەڵک ڕێک بخات و لایەنگر و وەفاداری هەبێت. "کاتێک کە وەفاداری بە گرووپەکان لە نێو دەچێ، کۆمەڵگەی مێگەلی سەرهەڵدەدات".(٩) ئەوەی کە ئەمرۆ لە ئێراندا دەیبینی کۆمەڵگەیەکە کە لە نەبوونی حیزب و ڕێکخراوی سەربەخۆدا بە شێوەی کۆمەڵگەیەکی مێگەلیی لێ هاتووە کە لە ئاکامی سەرکوتی ڕێژیمدا پێک هاتووە.

ئەمرۆ دەبینین کە ڕێژیم توانیویە بە دوورخستنەوە و هەڵوەشاندنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، لە نێو خۆیدا و لە ڕەگەزی خۆی ئۆپۆزیسیونێکی ڕواڵەتی بۆ خەڵک دابتاشێت! زیندانیی سیاسی و ڕێبەرانی زیندانیکراوی لە ڕەگەزی خۆی بۆ خەڵک چێ بکات! میرحسەینی مووسەوی و کەڕووبی کە لە ڕەگەزی خودی ڕێژیمن و لە دەیەی یەکەمی تەمەنی ڕێژیمدا (کە زۆرینەی جینایەتەکان لەو کاتەدا بوون) بەرپرسی باڵای ڕێژیم بوونە، بوونەتە ڕێبەرانی بەندکراوی ئۆپۆزیسیون! دروشمی خەڵک لە ڕێپێوانەکاندا لە جیاتی ئازادی و دێموکراسی بۆتە "یا حسەین، میرحسەین!" سەردەمی شۆڕشی فەرهەنگی و سەرکوت و قەڵاچۆکردنی جیابیران دەبێتە سەردەمی زێڕینی ئیمام! ڕەفسەنجانی کە بەرپرسی کوورەی تواندنەوەی جیابیران بووە، دەکرێتە پشتیوانی داخوازییەکانی خەڵک! خەڵخاڵی دەبێتە ئیسڵاحخواز! حەسەن ڕۆحانی کە لە کاتی جێبەجێکردنی هەموو تیرۆر و جینایەتەکاندا بەرپرسێکی باڵای دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بووە، دەکرێتە "میانەڕەو" و نامێلکەی مافی شارۆمەندی بڵاو دەکاتەوە!

پاڵپشتی لە سەرکوتکەر و داپلۆسێنەری کۆمەڵگە، تەنیا لە کۆمەڵگەی مێگەلیدا ڕوو دەدات! کە بەرپرسی یەکەمی پێکهاتنی ئەم کۆمەڵگەیەش هاشمیی ڕەفسەنجانی بووە. بۆیە نەمانی ڕەفسەنجانی لە درێژماوەدا زبرێکی کاریگەر لە جەستەی ڕێژیمە. چوونکە ڕێژیم ئەندازیاری پێکهاتنی کۆمەڵگەی مێگەلیی لە دەست داوە و کەسێکی دیکە لە ناو ڕێژیمدا نیە کە بتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. جیا لەوەش، ڕەفسەنجانی خاڵی بە یەک گەیشتنی باڵەکانی ڕێژیم بوو کە بە نەمانی ئەم خاڵە هاوسەنگیی هێز لە نێو باڵەکانی ڕێژیمدا تێک دەچێت و ڕێژیم بەرەوڕووی قەیران دەبێتەوە!

سەرچاوەکان:

١- ئاشووری، داریووش، دانشنامەی سیاسی، چاپی مروارید، ١٣٨٢، تاران، ل ٢٤٠

٢- بەشیریە، حسەین، کۆمەڵناسیی سیاسی، چاپی نەی، ١٣٨٧، تاران، ل ٣٣٦

٣- ئارنت، هانا، توتالیتاریزم، و. مۆحسێن سەلاسی، چاپی جاویدان، ١٣٦٦، تاران، ل ٣٩-٤٧

٤- ئەنساری، مەنسوور، هانا ئارنت و ڕەخنەی فەلسەفەی سیاسی، چاپی مرکز، ١٣٧٩، تاران، ل ١٢٨

٥- ئارنت، هانا، توتالیتاریزم، و. موحسێن سەلاسی، چاپی جاویدان، ١٣٦٦، تاران، ل ٢٩-٣٦

٦- Carl J. Friedrich and Zbigniew K. Brzezinski, Totalitarian Dictatorship and Autocracy, (Cambridge, Massachusetts ١٩٦٥), p. ٢١.

٧- Juan J. Linz and Alfred Stepan, Problems of Democratic Transition and Consolidation, p. ٤٠.

٨- ئارنت، هانا، توتالیتاریزم، و. مۆحسێن سەلاسی، چاپی جاویدان، ١٣٦٦، تاران، ل ٢٦٣-٣٠٠

٩- مەلەکووتیان، مستەفا، "سیری در نظریەهای انقلاب"، چاپی قومس١٣٧٢، تاران، ل ١١٤

## ڕێژەی پەراوێزنشینەکان لە ئێران بەردەوام زیاد دەکات

نوێترین ئامارە حکومەتییەکان باس لە بوونی زیاتر لە ١٣ میلیۆن "پەراوێزنشین" لە ئێران دەکەن.

سەرۆکی دەزگای بێهزیستیی ئێران، ئەنوشیروان مۆحسێنی، لە نوێترین لێدوانیدا ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانبار ڕایگەیاند کە؛ لە ئێراندا ١٣ میلیۆن کەس لە پەراوێزی شارەکاندا و لە خراپترین بارودۆخدا دەژین کە ئەمەش جێگەی نیگەرانییە.

درکاندنی ئەم ئامارانە لە کاتێکدایە کە پێشتر لە ٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٢دا، سەرۆکی گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتیی وەزیری نێوخۆی ڕێژیم باسی لە بوونی لانیکەم ١٨ میلیۆن کەس لە پەراوێزی شارەکاندا کردبوو.

هەرچەند کە خودی ئەم ڕێژەیەش جێگەی گەنگەشە کردنە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ڕێژەی پەراوێزنشینەکانی ئێران هەیە، بەڵام ئەوەیکە ئاشکرایە ڕێژەی ئەم حەشیمەتە لێقەوماوە ڕۆژانە لە ئێراندا بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ؛ عەلیڕەزا مەحجوب ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیسی ڕێژیم لە ڕەشەمەی ساڵی ٩٣دا باسی لەوە کردبوو کە؛ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٦١ی هەتاوی، ڕێژەی پەراوێزنشینی لە شارەکانی ئێران ١٧ قات زیادیان کردووە.

زۆرترین نموونەکانی ئەم دیاردە لە شارەکانی تاران، کەرەج، تەورێز، مەشهەد، سنە، کرماشان، زاهێدان و هەمەدان بینراوە.

درکاندنی ئەم ئامارانە لە حاڵێکدایە کە لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینی خەڵک، بوونی "حەلەبی ئابادەکان" لە ئێراندا بوو.

ئەو ناوچانەی کە پەراوێزنشینەکان تێیدا نیشتەجێن خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە زەقترینیان بەم چەشنەیە: هەڵگری ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکن، بێکاری تێیدا زۆر بەربڵاوە، ئاستی داهات و فێرکاری زۆر لە خوارێیە و بەپێچەوانەشەوە ڕێژەی تاوانکارییەکان گەلێک لە سەرێیە.

بە ڕای کۆمەڵناسان، ئەم ناوچانە باشترین بەستێنیان بۆ خستنەڕووی ئازادانەی مادده سڕکەرەکان، دزی کردن، فرۆشی منداڵ، لەش فرۆشی و دروست کردنی منداڵانی کار هەیە؛ بەکورتی لەبارترین کۆمەڵگان بۆ بردنەسەری ئاستی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان.

هاتنەئارای ئەم بارودۆخە لەپاش نیزیک بە ٤ دەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدایە کە؛ خومەینی لە پاش هاتەسەرکار، ڕوو لە خەڵکی ئێران باسی لە بنبڕکردنی هەژاری و جێگیرکردنی ئارامی و تەناهی دەکرد؛ پرسێک کە هیچکات بۆیان جێبەجێ نەبوو، ئەمەش بەو هۆیەوە کە سامانی وڵات تەنیا بەشی گیرفانەکانی خۆیانی دەکرد.

## کۆبوونەوە ئێعترازییەکان سەبارەت بە نەدانی مووچە بەردەوامن



سەرەڕای ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێران، دیسانەوە ناڕەزایەتی دەربڕینەکان لە شارەکانی ئێران لەمەڕ نەدانی مووچە و حەقدەست بەردەوامن.

پاش ئەوەیکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کرێکارانی شارەداریی "کۆزەران" سەر بە پارێزگای کرماشان و کرێکارانی ناوەندی پیشەیی کشت و سەنعەتی شاری مەهاباد بۆ نەدانی حەقدەستەکانیان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان وەڕێخست، سەدان کرێکاری پەیمانکاری شارەداریی دێزفوول و پەرەستارانی میناب کۆبوونەوە و لەهەمبەر بارودۆخی حەقدەست و مافە پێشێل کراوەکانیان ئێعترازیان دەربڕی.

ڕۆژی سێشەممە ٢١ی بەفرانبار، ژمارەیەک لە کرێکارانی شارەداریی کۆزەران، دەستیان لە کار کێشایەوە و لە بەرانبەر شارەداریی ئەو شارەدا کۆبوونەوە. کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەو بارەوە بڵاوی کردەوە؛ ئەو کرێکارانە لانیکەم ٥ مانگە حەقدەستیان وەرنەگرتووە و بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە بارودۆخی نالەباری ژیان و گوزەرانیان لە بەردەم بینای شارەداریی کۆزەراندا کۆبوونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕی.

لە نێوەڕاستی ئەم حەتوویەشدا، زیاتر لە ٥٠ کرێکاری ناوەندی پیشەیی کشت و سەنعەتی شاری مەهاباد لە کەش و هەوایەکی سارددا لە بەرانبەر نووسینگەی ئەو شیرکەتە بۆ وەرگرتنی حەقدەستی ١٦ مانگەیان کۆبوونەوە.

سەدان کرێکاری پەیمانکاری شارەداریی دێزفوولیش کە لانیکەم ٤ مانگە مووچەیان پێنەدراوە، هەر بەمشێوەیە ناڕەزایەتییان دەربڕی؛ لەلایەکی تریشەوە پەرەستارەکانی میناب کە ماوەی ١٠ مانگە حەقدەستیان وەرنەگرتووە و وەک خۆیان دەڵێن لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی ماڵی بەرەوڕوو بوونەتەوە، لە بەردەم بینای نیزام پەرەستاریدا کۆبوونەوە.

ڕۆژی چوارشەممەش ڕێکەوتی ٢٢ی بەفرانبار جارێکی دیکە مووچەخۆرانی سندووقی خانەنشین کراوانی سەنعەتی پۆڵا لەبەردەم بینای مەجلیس لە تاران کۆبوونەوە و خوازیاری دانەوەی مووچە وەدواکەوتووەکانیان بوون.

قەرزوقۆڵەی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم و حاشاکردنی بەردەوامی لێپرسراوان لەم بابەتە گرینگە، یەکێک لە لەمپەڕەکانی بەردەم نەدانی حەقدەستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانە کە ساڵانێکی دوورودرێژە هەر بوونی هەیە و هیچکات چارەسەر نەکرا.

# بوودجەی پێشنیاریی ئێران و چەند سەرنجێک



**شەماڵ تەرغیبی**

نەدانی چەندین مانگ مووچە و حەقدەستی وەدواکەوتوو هەنووکە یەکێک لە سەرەکیترین کێشە و لەمپەڕەکانی بەردەم ژیانی مووچەخۆرانی ئێرانە؛ کرێکارانی شارەداریی "کۆزەران" سەر بە پارێزگای کرماشان، کرێکارانی ناوەندی پیشەیی کشت و سەنعەتی شاری مەهاباد، کرێکارانی پەیمانکاری شارەداریی دێزفوول، پەرەستارەکانی میناب، مووچەخۆرانی سندووقی خانەنشین کراوانی سەنعەتی پۆڵا و چەندین توێژی دیکە لە دوو حەوتووی ڕابردوودا بۆ ئێعتراز بە نەدانی مووچەکانیان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان وەڕێخست.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانە لە کاتێکدان کە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم بەردەوام حاشا لە بوونی کێشە و گرفتی ئابووریی دەکەن و تەنانەت بە چەشنێک لێدوان دەدەن وەک بڵێی باری دارایی و گوزەرانی خەڵک و دۆخی ئابووریی ئێران "زۆر باشە" و هەموو ئەو کێشانە کە خەڵک بە شەو و بە ڕۆژ لەگەڵی بەرەوڕوون هی وڵاتێکی دیکەیە و بەسەر خەڵکی ئێراندا داسەپێندراوە! تەنانەت لە بوودجەی پێشنیاریی دەوڵەتیش بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی باس کردن لە دۆخی ئێستا و هیوادابوون بۆ "باشتر کردنی دۆخەکە" زۆر زەق و بەرچاوە؛ خاڵێکی جێگەی سەرنج لەم گەڵاڵە پێشنیارییەی دەوڵەت کە لە سەرماوەزی ئەمساڵدا لەلایەن حەسەن ڕۆحانییەوە ڕەوانەی مەجلیس کرا، ئەوەیە کە پێداگرییەکی زۆر لەسەر "باج" کراوە. واتە بەپێچەوانەی بوودجەی ساڵانی ڕابردوو، بوودجەی ٩٦ زیاتر لەوەیکە بیر لە سەرچاوەیەکی جێگەی متمانەی داهات بکاتەوە، پشتی بە وەرگرتنی باج لە هاووڵاتیان و یەکە ئابوورییەکان بەستووە! بەڵام بەڕاستی بوودجەی ساڵی ٩٦ دەتوانێ ئێران لەو قەیرانە هەنووکەییە ڕزگار بکات؟

ئیسماعیل سەعیدی زادە کە بۆخۆی یەکێک لە فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسدارانە لەمبارەوە دەڵێ: بارودۆخی ئابووریی وڵات بەچەشنێکە کە زیاتر لە ٨٠٪ی بوودجەی ساڵانەی وڵات تەنیا بۆ کاروباری تێچووە ڕۆژانەکان سەرف دەکرێت؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەت تەنانەت ناتوانێ قەرزە زۆر و زەوەندەکانی خۆی بە سندووقەکانی پاشەکەوت و خانەنشینی و سیستمی بانکی بداتەوە؛ بۆ وێنە تەنیا قەرزی دەوڵەت بۆ دەزگای دابین کردنی کۆمەڵایەتی زیاتر لە ١٢٠ هەزار میلیارد تمەنە!بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارە کە لە زاری یەکێک لە فەرماندە دوگمەکانی ڕێژیمەوە دەدرکێ، دەتوانین بڵێین بە بوودجەی ٩٦ ناکرێ کۆتایی بە کێشەگەلێک وەکوو داتەپینی ئابووری و مایەپووچبوونی یەکە ئابوورییەکان بهێنرێت؛ کەواتە نەتەنیا دابین کردنی داهاتە ماڵیاتییەکان چەشنێک لە خەون و خەیاڵە، بەڵکوو زیادکردنی باج (وەک ئەوەی لە بودجەی ٩٦ دا پێشنیاری بۆ کراوە) دەتوانێ خەسارێکی کوشندە بێت بۆ بەژنی لاواز و نەخۆشی ئابووریی ئێران، ئەمەش بەوهۆیەوە کە هیچکام لە جەمسەرە ئابوورییەکانی ئیران (بازاڕ، بەرهەمهێنەران و کەرتی خزمەتگوزاری) ناتوانن ماڵیاتی (باج) پێشنیاریی لە گەڵاڵەی بودجە بۆ ساڵی داهاتوو ڕادەستی حکومەت بکەن.

> **لەگەڵاڵەی پێشنیاریی ڕۆحانیدا، بوودجەی گشتیی وڵات بۆ ساڵی داهاتوو نیزیک بە ٣٢٠ هەزار میلیارد تمەن دیاری کراوە، کە بەم پێیە دەبێ یەک لەسەر سێی بوودجەی گشتیی ساڵی داهاتوو(نیزیک بە ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن) بۆ دانی مووچەی کارمەندەکانی دەوڵەت (٤میلیۆن کەس) تەرخان بکرێت، کە ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ بوودجەی ئاوەدان کردنەوەی وڵات (٦٠ هەزار میلیارد تمەن) گەلێک زۆرترە.**

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج لەم باسەدا دەتوانێ تێچووە قورسەکانی دەوڵەت بێت کە بەتەواوەتی بەسەر شان و ملی بودجەی گشتییەوە پان بووەتەوە؛ بەپێی بەرنامەکانی گەشەپێدانی چوارەم و پێنجەم (ساڵەکانی ١٣٨٤ تاکوو ١٣٩٤) دەوڵەت ئەرکدار بوو کە هەموو ساڵێک ٢٠٪ی ڕێژەی مووچەخۆر و کارمەندەکانی خۆی کەم بکاتەوە، تاکوو بەمشێوەیە بەرەبەرە تێچووەکانی دەوڵەت کەم بکەنەوە، بەڵام نەتەنیا لەم ماوە زەمەنییەدا ئامانجەکانی ئەم بەرنامە نەپێکران، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێژەی مووچەخۆران ٢قات زیادیان کرد! (ئێران خاوەنی زیاتر لە ٤٥٠ هەزار بەڕێوەبەری دەوڵەتییە لە حاڵێکدا کە ژاپۆن کە حەشیمەتەکەی ١/٥ قات زیاتر لە ئیرانە، تەنیا ٣٠٠ هەزار بەڕێوەبەری دەوڵەتیی هەیە)لە گەڵاڵەی پێشنیاریی ڕۆحانیدا، بوودجەی گشتیی وڵات بۆ ساڵی داهاتوو نیزیک بە ٣٢٠ هەزار میلیارد تمەن دیاری کراوە، کە بەم پێیە دەبێ یەک لەسەر سێی بوودجەی گشتیی ساڵی داهاتوو(نیزیک بە ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن) بۆ دانی مووچەی کارمەندەکانی دەوڵەت (٤میلیۆن کەس) تەرخان بکرێت، کە ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ بوودجەی ئاوەدان کردنەوەی وڵات (٦٠ هەزار میلیارد تمەن) گەلێک زۆرترە. تراژیک بوونی ئەم بارودۆخە کە بۆخۆی سەلمێنەری گەندەڵییەکی سیستماتیکی بەیاسایی کراوە و بە گەورەترین بەڵگە لەمەڕ خەیاڵیی بوونی بوودجەی پێشنیاریی ٩٦ دەزانرێت، ئەو کاتە زیاتر خۆی دەنوێنێ کە بزانین لانی زۆری مووچەی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی ١٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەنە، کە ٢قات زیاتر لە ڕێژەی مووچەی بەڕێوەبەران لە "یاسای بەڕێوەبەریی خزمەتگوزارییەکانی وڵات" و ١٠ قات زیاتر لە مووچەی دیاریکراو بۆ کرێکارانە لە ساڵی داهاتوو

# ئاوڕدانەوەیەک لەشار وەک ژینگەی خەبات

غالب حەبیبی

ڕاسان، پرۆسەیەکە بۆ خستنە سەرڕێی سیاسەت و سیاسەتکردن لەناو دیاردەیەک بەناو "شار"دا. بۆیە ڕاسان لە بنەڕەتدا ڕوو لە(معطوف) شارە وەک جمکی سیاسەت بە درێژایی مێژوو. بەو واتایە کە سیاسەت لە شاردایە کە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە شوێنێک بۆ سیاسەتکردن. ئێنجا ئەو سیاسەتکردنە لەلایەن دەوڵەتەوە بێ، یان هێزێکی سیاسی، یان گرووپێک، یان تەنانەت تاکەکەسێک. گرینگ، کۆبوونەوە و ململانێ ئەو لایەنانەیە بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز(قدرت) لە شاردا. هێزیک کە لە مانایەکی دارِنراودا(انتزاعی) خۆی لە جەستەی شاردا مانیفێست و بەرهەست(عینی) دەکات. ئەم ڕێچکەیە بۆ سیستەمی دەسەڵاتبەدەست کە هەموو ئامراز و کەرەستەکانی دابەزاندی هێزی لەلایە، ئاسانە، بەڵام هەمیشە شار پاوان نابێت و دەسەڵات ناتوانێ هێزی خۆی لە شاردا بەردەوامی پێبدات. بۆیە شار توانای بەرگریی و چەشنێکی دیکە لە سیاسەتی نافەرمی(سیمبۆلیک) هەیە.

هەرچەند لێرەدام هەوڵ نادەم کە ڕاستەخۆ باس لە مانفیستی شار لە "ڕاسان"دا بکەم، بەڵام هەوڵدەدەم ئەو گەرا تایبەتمەندییە سەرەکییانە کە لە شاردا بوونیان هەیە، بیانخەمەڕوو تاکوو بتوانێ سیمایەکمان لە شار هەبێ لە فۆرمی ڕەواڵەتی و ناوەرۆکیی شاردا هەبێ.

**● دیاردەی شار**

شار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کەباگگراوەندێکی سیاسیی هەیەو کۆبوونەوەی کەسەکان(هاووڵاتییان) نیشانەیەکە لە ناسنامەیەکی گشتیی نوێ کە دواجار شار دەکاتە دیاردەیەکی سیاسی. ڕەچەڵەکناسی دوو وشەی police بە مانای "شار" وpolitics بە واتای "سیاسەت" سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

لەبواری مێژووییەوە، شار و شارنشینی لە ناوچەی کوردستان(باشوور) سەرهەڵدەدات و دواجار بەهەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. شارەکانی جیهان بەهۆی ئەوەی کە بە هۆکارگەلی جیاجیاو وەک ئابووری، خڕبوونەوەی خەڵک، مەزهەبی، پاراستن لە هێرشەکان و... دروستکراون، پێناسەیەکی دیاریکراویان نییە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوەی کە شار دەستکردنی مرۆڤە، کۆک و هاوڕان، کەوابوو ئەم شوێنە هەم باندۆری لەسەر مرۆڤەکان هەیە و هەمیش مرۆڤەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەری هەبێت.

شار لە ئێران و کوردستان جیاوازییەکی بچووک بەڵام زۆر کاریگەری تێدایە، ئەویش ئەوەی کە زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان بە بڕیارێکی ئیداری - سیاسیی پێکهاتن و ببوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتە و ئێعمالی سیاسەت، واتە شار لێرەدا خۆبەخۆ بەهەمهێنەری هێز(قدرت)ـە. ئەمەش وا دەکات کە شارەکان بۆ خۆیان بچووککراوەی حکوومەتی ناوچەیی بن و دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕ لە شار(شارەکان) گۆڕانی حکوومەت و دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوە. گرینگیی شاریش سەرەڕای ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و حەشیمەتی، بەڵام لە سەردەمی نوێ و هاتنەکایەی بابەتێک بەناوی بەڕێوەبەری شار(مدیریت شهری) لایەنی سیاسی بەهۆکاری بوونی هێز و ڕێکاری چاوەدێری و کۆنترۆڵ بووەتە جێگای سەرنج و وردبوونەوەی سیاسییەکان، جوغرافیناسان، ئەندازیارن، بەڕێوەبەران و ... کە لەدایکبوونی زانستێک بەناوی جوغرافیای سیاسی لێکەوتەوە.

**● جوغرافیای سیاسی**

ئەم زانستە لێکدانەوە و شرۆڤەی چەمکی سیاسەت و جوغرافیا لە بەستێنی کاریگەریی دوولایەنەی ئەو چەمکانەیەکە دواجار هەڵوەشانەوەی چەمکی شار وەک تەنیا کۆبوونەوەی جەستەیی(کالبدی) مرۆڤەکان و خانووەکان بێ، بەڵکوو شار بەرهەمی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیشە. ئەم ڕوانینە بۆ شار، دیالیکتیکی نوێ بە زیادکردنی فەزا(space) لە کات(Time) و شوێن(Place) هێنایە کایەوە کە مارکسیستەکانی وەک هانری لووفیرلە هەڵسەنگاندنی ژیانی سەرمایەداری نێو شارەکان بەکار هێنا. ئەم ڕوانینە لەسەر جوغرافیای سیاسی کاریگەرییەکەی ئەوەبوو کە شیکردنەوەی دیاردەکان بەتایبەتی سیاسەت، ئیتر پەیبردنێکی یەک ڕەهەندی(ادراک تک بعدی) بە زانیاری و بیاڤە فەرمییەکانی وەک دەوڵەت و هەڵبژاردن و کەسایەتییە حکوومەتییەکان نییە، بەڵکوو چەمکگەلی وەک ململانێی توێژەکان و گرووپە بچووکەکانیشە کە تۆڕێکی بەربڵاو و چەند ڕەهەندی نێوان سیاسەت و جوغرافیا پێکدێنێت. کەوابوو لە تیۆرییەکانی جوغرافیای سیاسی سێ ڕەگەزی شوێن، فەزا و خاک پێوەندی دیالیکتیکیان پێکەوە هەیە کەئەو پێوەندییەش هیرارشییە(سلسله مراتب)، واتە لە یەکەیەکی بچووک(گوندێک) بۆ یەکەیەکی گەورەتر(جیهان). بە واتایەکی دیکە گۆڕان لە پێکهاتەی شار، گۆڕان لە زەینی دانیشتوانی شاردا پێکدێنێت و ئەمەش ناسنامەی شار ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

کەوابوو شار لە کۆنەوە بۆ ئێستا، شوێن(مکان) و هێمای(نماد) حوکمڕانی و ڕەقەبەرایەتیی نێوان هێزەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز و دەسەڵات بووە. ڕووداوەکانی چەندین شار لە جیهان وەک تیانامن، ئازادی، التحریر، گەزی، واڵستریت و... سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ناوەندی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە گۆرەپان و شوێنە ناسراوەکان دایە و بەرگری(چەشنێک سیاسەت)کردن لەم شارانە زۆر گرێدراوی هێما و مەکانەکانە.

**● بزاڤی شاری**

بە سەرنجدان بە پێناسە و چەمکی شار کە دابەشکاری، بەرهەمهێنان، کۆبوونەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و حەشیمەتی خەڵکی لە تایبەتمەندییەکانیەتی ئەوا جووڵە و پێوەندییەکانیش ناو ئەم شێوە ڕێکخستنە(کۆمەڵگەیە) وەک سەردەمی پێش شارنشینی و تەنانەت شارنشینیی نیوەی سەدەی ڕابردووش نابێ، بەڵکوو جۆرە ڕوانینێک زاڵە کە ئیتر چینێک، یان توێژێک ناتوانێ ببێتە بزوێنەری کۆمەڵگە و بایەخەکانی ببێتە بایەخی هەموو کەس و گرووپێک، بەڵکوو چەشنێک لە جووڵە و داواکاری دروست بوون کە لە ئەدەبیاتی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا بە "بزاڤگەلی نوێی کۆمەڵایەتی SOCIA MOVEMENNEW

ناوبانگیان دەکردووە و خوێندکاران، ژینگەپارێزان، دژبەرانی سیاسەتی فەرمی(دەوڵەتی)، ژنان، سەربەخۆخوازان، چالاکانی مەدەنی لە گرنگترینی ئەو بزاڤە نوێیانەن. هەموو ئەمانەش لە شار دروست دەبن و گەشە دەکەن کە هەروەک پێشتر باسمان کرد، دەوڵەت خۆی بەخاوەنی دەزانێ و هەوڵ بۆ سەپاندنی سیاسەت و پلانەکانی(ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و...) لە چوارچیوەیەک بەناوی شار دەدات. پێوەندیی شار و ئەو شێوە بزاڤانە، لەلایەن کۆمەڵناسێک بەناوی ئالێن توورین بە باشی لێکدراوەتەوە کە بۆ شیکردنەوەی بابەتی ئێمە بەکەڵک و باشە. بە بڕوای ئەو کۆڵناسە فەڕانسەویە، بزاڤگەلی کۆمەڵایەتیی ناو شارەکان بەهۆکاری دەستپێڕاگەیشتن بە زانیار، زانین و پێوەندییە لۆکاڵی و جیهانییەکان خاوەنی سێ تایبەتمەندیی "ناسنامەی دیاریکراو"(هویت مشخص)، "دژبەریی لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی"(مخالفت با وضع موجود) و "گشتییەتی"ـیە(عمومیت) و ڕوولە باشقەی فەرهەنگی کۆمەڵگە (الگوی فرهنگی جامعه) و بەرژەوەندییە. واتە بزاڤە نوێیەکان هەوڵی گۆڕینی ئەو بایەخ(ارزش) و باشقانە دەدەن کە کۆمەڵگە لە دۆخێکی کۆنترۆڵکراو و ڕێکوپێک بەسەریدا سەپێندراون. ئەم تایبەتمەندییانە وا دەکەن کە بزاڤەکە لەجیاتی ئەندام، بەشداربووی(مشارکت‌کننده) هەبێ کە ناسنامەی تاکیەتی(هویت فردی) بنەمای کردەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەیە کە دەرەنجامی گەشە و بەهێزیی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەیە. ئەو دۆخە وا لە شار دەکات کە هەم کەرەستەیەکی بێ بۆ بەڕیوەبردنی ئەو جۆرە بزاڤانە و هەمیش ئامانجی خودی بزاڤەکە بێت. یانی شار دەبێتە حیزبێکی سیاسی کە دانیشتووەکانی بە هەڵسوکەوتەکانیان، ڕۆڵی ئەندامێکی حیزبی دەگێڕن کە کارەکانیان ڕاڤەی تاکی و کۆیی دەکرێت و ئەمەش جێی سەرنجی سیاسییەکانە.

شار، بەڵام لە دوو دنیای جیاوازی دێمۆکراسیی ڕۆژئاواو و سەرەڕۆی خۆرهەڵات، ئاماژەی تایبەت بە خۆی هەیە. واتە ئەو ڕۆڵەی کە بزاڤە نوێیەکان لە شاری ڕۆژئاوا دەیگێڕت، جیاوازە لەو ڕۆڵەی کە هەمان بزاڤ لە خۆرهەڵات هەیەتی. لە ڕۆژهەڵات ڕاڤەی هێژمۆنیی دەوڵەت و هەقیقەتی سەپێندراوی دەوڵەت هەیە، بەڵام لە خۆرهەڵات سیستەمی تۆتالیتاری حاکمە کە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و هەقیقەتی قورخ کردووە و دەرفەتی دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاواز نییە. خاڵی هاوبەشی ئەو دوو دنیایەش، هێما و هێماسازییە. چەشنێک "تغییر کاربری" ڕەگەزە جەستەییەکانی شار( عناصر کالبدی شهر) لە مەکانەوە بۆ هێما، هێمایەک کە دەبێتە بابەت و بەستێنی ڕەفتار و پێوەندی کۆمەڵایەتیی تاکەکان(هاووڵاتییان)و دواجار ناسنامەی مەکانی بەرهەم دێت. ناسنامەیەک کە هێما و هێماسازی ڕەگەزی سەرەکییەتی.

**● سیمبۆل وسیمبۆلسازی**

مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە کە بە شێوەی سیمبۆلی، ناخی خۆی کە بە زمان و وشە وێنا ناکرێت، دەربڕێت. ئەم کارەشی چەشنە نەمرییەکی بە خولیا و ئارەزووەکانی بەخشیوە کە بانتر لە کاتوشوێنە و زۆر بواری فەرهەنگی، وێژەیی، مێژوویی و هونەری دەگرێتە خۆی. هێما خۆی بەرهەستە(عینی) و پێوەندیی نێوان دوو، یان چەند شت ڕوون و واتایان پێدەدات، بەڵام دەربڕی هەست و بایەخگەلێکە کە یان گرێبەستی(قراردادی) نێوان تاکەکانە، یان بە تێپەڕینی کات(عرفی) ڕەوایی وەرگرووە. ژاک دریدا لەبارەی هێماوە ئەیژێت کە هێماکان نێوەندگیری(واسطه) نێوان مرۆڤ و کەتوارن(واقع)ن. بەو مانایە کە هێما توانستی زۆری بۆ تەجهیزی کۆمەڵگە هەیە و هەموو ناسنامە جیاوازەکان لە بەستێنێکی هاوبەش کۆ دەکاتەوە. ڕاڤەی هێماکانیش لە باسی جوغرافیای سیاسیی شار جێگای سەرنجە. شارێک کە لە بایەخگەلی جیاجیاو بەرژەوەندیی جیاواز پێکدێت، ئەوا تەنیا هێمایە کە دەتوانێت هەستی هاوبەش درووست بکات و لە حاڵەتی دارِنراودا(تجریدی) بیانکاتە بەرهەست و مەلموس کە پێوەندیی نێوان تاکەکان دابمەزرێنێت. پێوەندییەک کە کاریگەری لەسەر سیاسەت و دواجار هێز دابنێت. زمان گەورەترین شوێنی کۆبوونەوەی هێماکانە کە زادەی فەرهەنگ و کەلەپووری کۆمەڵگە وەردەگرێت، کە ئەم بیاڤەش چوارچێوەی گشتی کاروهەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە دیاری و دەستنیشان دەکات.

**● فۆکۆ و سیاسەت**

پێوەندی سیاسەت(بەمانای هێزێک بۆ باندۆردانان و کۆنترۆڵکردن) و فەزا لە دێرزەمانەوە هەبووە و شارەکانی یۆنان و پێش ئەوانیش سوومێر و ئاشوور، چەشنێک لە پێکهاتەی سیاسیی فەرمانڕەوایی بوون. لە سەردەمی ئێستادا پێوەندیی شار و هێزی سیاسی بووەتە بابەتێکی پسپۆڕانە و زانستی کە وانەی زانستگای پێ دەخوێنن و جێ سەرنجی هەم سیاسییەکان و هەمیش بەڕێوەبەرانی شارە. یەکێک لەو کەسانەی کە ڕوانگەکانی بە نیسبەت شار و سیاسەت جێ وردبوونەوەیە، میشێل فۆکۆیە. ناوبراو دەڵێ کە هێز لە بۆشایی نییە و دەبێ بەرهەست بکرێت. شارەکانیش نموونەی پێکهاتەی فەزای دەسەڵاتی سیاسییە کە خۆی لە دابەشکاریی سیاسیی - مەکانیدا دەبینێتەوە، هەر لە دابەشکاریی شار، شارۆچکە و گوندەوە تاکوو دابەشکاریی پارێزگاکان.

فۆکۆ بەپێچەوانەی بیرمەندانی دیکی وەک مارکس کە بڕوایان بە گرتنەدەستی هێز لەلایەن بێ دەسەڵاتەکانە، باوەڕی بەوەیە کە هێز سیما و ڕواڵەتی جیاجیای هەیە کە نەک لەلایەن چینێک، گرووپێک یان تەنانەت دەوڵەتێک، بەڵکوو بەهۆی تۆڕێکی بەربڵاوی کۆمەڵاتی کۆمەڵگەوە وەجووڵە دەخرێت. فۆکۆ پێی وایە هێز ئیتر نەک بەرگریکار "بازدارند" ، بەڵکوو بەرهەمهێنەری "مولد" ناسنامە و زەهنییەتیشە، واتە هێز خاوەندارێتی(تصاحب) ناکرێت، بەڵکوو جێبەجێ(اعمال) دەکرێت.

**● دەرەنجام**

بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی شارنشینی و زاتی ئەو دیاردەیە و درووستبوونی چین و توێژی جیاجیا بە بایەخ، چاوەڕوانی و پێوەندیی جیاواز ئیتر چەمکی سیاسەت و سیاسەتکردنیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و زۆرتر لە هێما و نیشانەکاندا خۆی مانیفیست و پێناسە دەکات. ئەم تەرجمەیە لە سیاسەت لەلایەن بزاڤەگەلی نوێی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەکرێ کە بێجگە لە پێکۆڵ(چالش) کردنی هێما فەرمییەکانی سیاسەت(دەوڵەت)، شوێن و مەکانی دیکەش بۆ سیاسەت دیاری و دەستنیشان دەکات. لە کوردستان دەتوانین ئاماژە بۆ پێنج بیاڤ بکەین کە شیاوی هێما سازین:

**١. مۆبلێمانی شاری:** کۆی ئەو شتانەی کە ڕواڵەت و گەوهەری شارێک دیاری دەکەن و ڕۆڵی پێوەندی ناسنامەیی هاووڵاتییان بە شارەکەوە دەگێڕیت. وەک پارکەکان، پەیکەرەکان، وێستگە تاکسییەکان، تابلۆی کەسانی پسپۆڕ، پەڕچینەکان و .... مۆبلێمان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەلایەن شارەوانییەکان(ئۆرگانی دەوڵەتی) گرینگیی زۆری پێدراوە و یەکێک لە کێشەکانی شارەوانی و شووڕاکان(ڕێکخستنێکی خەڵکیی) هەر لەسەر ئەو مۆبلێمانە شارییە بووە.

ئێنجا ئەو هێما و ئێلمانانەی کە ڕابردوویەکی سیاسییان لە ساڵەکانی دەیەی شەستی هەتاوی لە کۆیادی(حافظه) خەڵک هەبووە، دەبێ زیاتر لە هێما نوێیەکان گرینگی تایبەتییان پێ بدرێت.

**٢ـخانووەمێژووییەکان(ابنیه تاریخی):** کوردستانی خۆرهەڵات بەهۆی درێژی جوغرافیایی، هەموو کات درووستکردنی هەستی هاوبەش تووشی بەربەست بووەتەوە. زۆربەی هەرەزۆری هاووڵاتیانی کوردستان ڕووبە ناوەندی ئێران و شوێنە گەشتیارییەکان هاتوچۆ و سەردان دەکەن، بەڵام بە پێچەوانە، زۆرێک لە غەیرە کوردستانییەکان بۆ سەردان دێنە کوردستان. سەیرانگەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەو خانووە کە لایەنی مێژوویی و فەرهەنگییان پێوەندیی ڕاستەخۆی بە کوردایەتی و هەستی کوردبوونەوە هەیە، توانستی ئەوەیان هەیە کە ببنە فەزا و هێمایەک بۆ سیاسەتی کوردی و کۆبوونەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

**٣. شەقامەکان:** چەند ساڵ پێش ئێستا، حیزبی دێمۆکرات لە شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، شەقامەکانی بە ناوی شەهید دکتۆر قاسملووە نا. بەردەوامی بەو کارە و تەبلیغاتکردن بۆ بەهێماکردنی ئەو شەقام و گۆڕەپانانە دەتوانێ هەڵگری چەمکێی دیاری سیاسەتکردن بێ کە جیاوازە لە باقی تەیفە سیاسییەکان.

**٤. سەیرانگەکان:** ئەم شوێنە گەشتیارییانە بەهۆی لایەنی ئەمنی، واتە فەزای کراوە و بەربڵاویان، باشترین شوێنن بۆ کۆبوونەوەی خەڵکانێک کە لە تێچووەکانی کاری سیاسی دەترسن. سەیرانچییەکان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە لایەنی داپۆشراوی(پوششی) سەیرانگەکان و نەبوونی چاوەدێری ئەمنیی و خەشیمەتی زۆر، چالاکی هەمەجۆر بکەن کە هەم دەنگدانەوەی زیاترە و هەمیش لە کۆیادی خەڵکی مانگار و هەرمان دەبێت. ڕێکخستنی سەیران، بەتایبەتی نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆرترین کاریگەری لە بیرەوەریی خەڵکی و مۆبیلیزەکردنی جەماوەر و کردەی کۆیی داناوە کە نوێترین نموونەی لە گوندی تەنگیسەر و هەڵدانی جامەدانە وەک هێمای پێشمەرگایەتی دەبینرێت.

**٥. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** لەچەند ساڵی ڕابردوودا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی فەیسبووک، تێلێگرام و ئینیستاگرام زۆرترین بەکاربەریان لەناو توێژی لاوداهەبووە.

ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە هەرچەند مەجازین، بەڵام فیدبەگی دنیای کەتوارین(دنیای واقعی). هەموو ڕووداو، چالاکی و ڕۆڵگێڕانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەناو ئەم تۆڕانە ڕەنگدانەوە دەبێت و پێوەندییەکی "کنش و واکنش" لەنێوانیاندا دروست بووە کە دەتوانێ ڕاستەخۆ لەسەر بابەتی سیاسییش باندۆری هەبێ. کاریگەریی تێلێگرام لەسەر بەربژێرەکانی سەرکۆماری و مەجلیس لە ساڵی ٩٢، باشترین نموونەیە بۆ ئەوە ڕۆڵەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بیاڤی سیاسیی ئێران گێڕای. سەبارەت بە ڕۆڵی شار لە سیاسەتکردندا، ڕووداوەکانی چەندین شاری ناوچە و جیهان، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو شتەی کە بە ناسنامەی مەکانی(هویت مکانی) دەناسرێت. بەهاری عەرەبی بەبێ قاهیرە و گۆڕەپانی تەحریر ناناسرێتەوە، یان پێناسە ناکرێت. ڕووداوەکانی تورکییەش لە ٣ ساڵی ڕابردوودا بە گۆڕەپانی تەقسیم ناوبانگی جیهانی پەیدا کرد و چەندان نموونەی دیکە. بۆیە کوردیش لە خۆرهەڵات دەبێ لەو ئەزموونانە کەڵک وەر بگرێ.



# زاگرۆس و بەڕوو، دوو هێمای هەرمان و ڕاسانی کورد

شەریف فەلاح

**پێشەکی:**
**زاگرۆس، زنجیرە شاخێکە لە باکووری ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتووە. ئەم زنجیرە کێوە لە کەنارەکانی گۆلی (وان) لە کوردستانی باکوورەوە دەست پێدەکات و پاش تێپەڕین بە پارێزگاکانی "ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان، هەمەدان، مەرکەزی، ئیلام، ئیسفەهان، کۆهگیلوویە و بوویر ئەحمەد، چوار مەحاڵ و بەختیاری، خووزستان، هەتا پارێزگا باشوورییەکانی ئێران (فارس، کرمان و هورمزگان) درێژ دەبێتەوە کە داوێنێ ئەم زنجیرە کێوە دەگاتە بەشێک لە کوردستانی باشووریش.**

نزیکەی ١٠٠ هەزار ساڵ بەرلە زایین، بەپێی هەندێ ئاسەواری بەجێماو لە ئەشکەوتنشینی لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، نیشانەی ژیانی مرۆڤە لەم ناوچانە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست کە دەکاتە ٣٠ هەزار ساڵی پێش.

واتای زاگرۆس لەڕووی وشەوە:
ناوی کەونارایی و دێرینی زنجیرە کێوی زاگرۆس "کور"، یان "کوڕ"ە.

بەپێی ئەفسانە و ئوستوورەناسیی سەردەمی سۆمەرییەکان (کور) لە بنەڕەتدا ناوی کێو، یان زنجیرە کێوێک بووە کە هەر هەمان کێوەکانی زاگرۆس کە کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی سۆمەرەوە. (کور)، هاوکات ناوی دیکەی ئیمپراتۆریی "ئەکەد"ە کە لە سێ هەزار ساڵ پێش و بەرلەوەش لە سەرتاسەری ناوچەکانی زاگرۆسدا دەسەڵاتی هەبووە.

هەندێ لەو باوەڕەدان ڕەگ و بنەچەی وشەی زاگرۆس ئەڤێستاییە. لە زمانی ئەڤێستادا "زاگر" (Za –Gr) بە واتای کێوی گەورەیە. بەڵام بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەڵێت ئەم وشەیە لە ناوی کۆچەرە (هیند و ئەوروپییەکان)ی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە کە بە "ساگارتی" بەناوبانگ بووە، وەرگیراوە. ناوی کۆنی ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا "پاتاق" بووە کە ئێستاش ناوی شاخێکی ناسراوە، لەبەر ئەوەی ئەو زنجیرە کێوانە چەشنی تاق هەڵکەوتوون، بۆیە ئەو ناوەیان لەسەر داناون.

وشەی زاگرس، زاگرۆس، زیاتر لە هەشت دەیە لەمەوبەر و پێش کۆتایی سەردەمی قاجارییەکان لەڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرە ئەورووپییەکان (لە زمانی یۆنانی)یەوە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی فارسی و کوردییەوە. وەک دەڵێن "حەسەن پیرنیا" یەکەم کەس بووە کە وشەی زاگرۆسی لە پەراوێزی لاپەڕی ٢ی کتێبێکی خۆی بەناوی "مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا ڕووخانی ساسانییەکان" بەکار هێناوە و جەختی کردووەتەوە کە ئەورووپییەکانیش هەر بە زاگرۆس ناویان هێناوە.

**•پێکهاتەی زاگرۆس:**
زیاتر لە ٢٤٠ ناوی کێو، دەشت، شیو، خەرەند، لێڕەوار، دارستان، هەڵدێر، پێدەشت، ڕووبار، شار، قەزا، ناحیە، گوند، لە پارێزگاکانی "ورمێ، سنە، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، ئیسفەهان، کۆهگیلوویە و بوویر ئەحمەد، هەمەدان، چوارمەحاڵ و بەختیاری و خووزستان" بەگشتی ١١ پارێزگای ئێران لەنێو زنجیرە کێوی زاگرۆسدا هەڵکەوتوون کە بەشی هەرە زۆری ئەم شاخانە، بە داری سروشتی و خۆڕسکی وەک "بەڕوو، قەزوان، مازوو، گوێز و..." داپۆشراوە کە چڕترینی شوێنی دارستان و لێڕەواریی زاگرۆس دەکەوێتە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئیلامیش وەک ناوەند و دڵی زاگرۆس دێتە ئەژمار.

**•زاگرۆس لەڕووی مێژووییەوە:**
وشەی زاگرۆس لە هیچ کتێبێکی جوگرافی، مێژوویی و سەرچاوەیەکی ئیسلامیدا نەهاتووە. لە وشەنامەی "دێهخودا" یان ئەنسکلۆپیدیای "مەساحب"دا هیچ باسێک لەبارەی ڕیشە و بنەچەی زاگرۆس نەهاتووە.

محەممەد قەزوینی، لە لاپەڕەی ٤٨ی بەرگی پێنجەمی کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێت؛ "ناوی یۆنانیی زنجیرە کێوی ڕۆژئاوای ئێرانە و بەتایبەت ناوچەکانی بەختیاری و کوردستان."لە زانستنامەی "لارۆس"دا زۆر بە کورتی وەک زنجیرە کێوێکی شوێنی نەوت و کانزا ژێرزەوییەکان ناوی هاتووە. لە وشەنامەی یۆنانی – ئەڵمانی کە ساڵی ١٨٨٦ لە لایپزیگ چاپ کراوە، وشەی Zagrio یان Zagros وەک کێوێکی "سەردەمی ماد" بە پشتبەستن بە نووسراوەکانی "سترابوون و پۆلیبیۆس" ناوی هاتووە. هاوکات لە فەرهەنگی Lexique goographique ناوی "زاگرۆ" (زاگرۆس) بەمجۆرە هاتووە؛ "ناوی زنجیرە کێوێکە لە ئاسیا کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات کێشراوە."ڕوومەن گیرشمەن دێرینەناسی فەڕەنسی لە کتێبێکی خۆیدا زاگرۆسی بەناوی هۆزێک ناودێر کردووە و دەنووسێت "هۆزێکی گرنگ لە هۆزە گەورەکانی ڕۆژئاوای ئێران بەناوی "Ziirtu" یان "ساگارتی" کە لە ڕۆژئاواوە نیشتەجێن و بەرەو باشوور داکشاون."

"هێرۆدوت"یش لە نووسینەکانی خۆیدا زاگرۆسی بەناوی هۆزێکی بیابانگەرد "ساگارتی" هێناوە و دەنووسێت "هۆزێکی دیکە هەن کە بیابانگەردن بەناوەکانی "داینەکان، ماردەکان، درووپیک و ساگارتییەکان."بەپێی ئەو سەرچاوە و بەڵگانە دەتوانین بێژین، وشەی زاگرۆس لە زمانی ئەڤێستایی وەرگیراوە و یۆنانییەکان بە زیادکردنی پیتی S (س) بە کۆتایی ئەم وشەیە وەک دەربڕینی یۆنانییان لێ کردووە.

بۆیە وشەی زاگرۆسیش وەکوو وشەی (بەختیاری) هەم ناوی کێو، قەڵا، هۆز، ئێڵ و تایفەی ناوچەیە.

زنجیرە کێوی زاگرۆس لە بواری زەویناسییەوە بە دوو، یان سێ بەشی جیا لە یەکتر دابەش بووە: زاگرۆسی باکووری، زاگرۆسی نێوەڕاست، زاگرۆسی باشووری، کە جیاوازیی زاگرۆسی باکووری و باشووری لە جۆری پێکهاتەی شاخ، پێدەشت و چۆنیەتیی ڕیزبەندی و چینی بەرزایی و هەوراز و نشێوەکانە. لە دابەشکارییەکی دیکەدا زاگرۆس کراوەتەوە دوو بەشەوە: زاگرۆسی بەرز و هەڵدێر و زاگرۆسی چینداری پێدەشت. کە شاخ و کێوەکانی کوردستان دەکەونە نێو بەشی بەرزاییەکانی زاگرۆسەوە.

**•کێو و شاخەکانی زاگرۆس:**
دێنا، بە بەزایی چوار هەزار و ٤٠٥ مەتر – زردکێو، بە بەرزیی چوار هەزار و ٢٢١ مەتر – قاڵی کێو هەڵکەوتوو لە ئەلیگوودەرزی لوڕستان بە بەرزیی چوار هەزار و ٥٥ مەتر – شاهان کێو بە بەرزیی چوار هەزار و ٤٠ مەتر – ئەشتران کێو، هەڵکەوتوو لە ئەزنای لوڕستان بە بەرزیی چوار هەزار و ٢٤ مەتر – کێوە گڕە، بە بەرزیی سێ هەزار و ٩٩٠ مەتر – کێوی بل، سێ هەزار و ٩٤٣ مەتر – دالانکێو، سێ هەزار و ٩١٥ مەتر – تەمەندەر، هەڵکەوتوو لە ئەلیگوودەرزی لوڕستان، سێ هەزار و ٩٠٠ مەتر – قەندیل، لە نێوان سێ پارچەی کوردستانی باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووردا هەڵکەوتووە، بەرزترین لووتکەی بەناوی کەوەکز بەرزییەکەی دەگاتە ٣٨٠٠ مەتر لە باکوورە، قەندیلی گەورەش بە سیاکێو ناسراوە کە بەرزییەکەی سێ هەزار و ٦١٠ مەترە و قەندیلی گچکەش سێ هەزار و٢٥٠ مەترە. دالانپەڕ لە ورمێ سێ هەزار و ٥٠٠ مەترە. هەڵگورد، لە کوردستانی باشوورە و سێ هەزار و٦٠٧ مەتر. سەفین، لە باشوورە و بەرزییەکەی دوو هەزار و ٢٤٠ مەترە. نەکەرۆز لە سەقز – ئاربابا، لە بانە دوو هەزار و ١٧٠ مەتر. چلچەمە لە دیواندەرەی پارێزگای سنە، سێ هەزار و ١٣٧ مەترە. ئاویەر، لە سنە دوو هەزار و ٣٥٠ مەتر. سوڵتان سەراجەدین لە سنە، دوو هەزار و ٨٣٦ مەترە. عەوالان، (عەدودالان) لە باشووری سنە و نزیک کامیاران، دوو هەزار و ٩٥٠ مەترە. شاهۆ، لە نێوان هەورامان و ڕوانسەر، سێ هەزار و ٩٩٠ مەترە. دالاهۆ، لە کرماشان. بێستوون، لە کرماشان، پەڕاو، لە کرماشان سێ هەزار و ٤٠٥ مەترە. پشتکۆ، پێشکۆ، دینارکێو و مانێشت، لە ئیلام دوو هەزار و ٦٢٩ مەترە و دەیان کێو و شاخ و پێدەشتی دیکەی لەخۆ گرتووە.

**•ڕووبارەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس:**
کەڵوێ، زێی گەورە، چەم سەقز، جەغەتوو، قشڵاخ، سیروان، گاڕان، گاوەڕۆ، سەیمەڕە، سیمینە، خوڕخوڕە، لەیلێ، قەرەسوو، گاماسیاو، کەرخە، دێز، میمە، چغار و گودارخۆش. سەیکان، ئاوزەنگوان، کەشکان، بەختیاری، خوڕەمئاوا، ئەلیگوودەرز و زاڵ لە لوڕستانن.

**•ڕووەکەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس:**
زاگرۆس، جیا لەوەی کە بە گەورە و چڕترین، لێڕەواری خۆڕسک دادەنرێ، هاوکات بە ڕووەکی جۆراوجۆری نایاب و بەکەڵک داپۆشراوە کە ناودارترینیان بریتین لە "ڕێواس، مەندۆک، کەما، کەنگر، شنگ، گیاخاو، گیلاخە، قازیاخە، کارگ (قارچک)، چنوور، بووژانە، هەڵاڵە برمە، وەرکەمەر، بەرزەڵنگ، پیاز، کەوەر، سیری شاخی، هەزبی، سوورە بنە، پیژۆک، نینۆر." شاخەکانی زاگرۆس جیا لە بەڕوو، قەزوان، مازوو و گوێز، چەندین داری دیکەی وەک "شرۆ، کێکف، بادامی کێوی، تەنگز، گا گەون، بلاڵووک، هەڵووژەی شاخی.

**•ئاژەڵ و باڵندەکانی زاگرۆس:**
ئاژەڵی وەک "ورچ، ڕێوی، گورگ، بەراز، کەمتیار، چەقەڵ، بۆنکە، شێر، پڵنگ، ئاسک، کەروێشک، کەڵ، بزنەکێوی" و باڵندەکانی "کەو، قاژوو، قەل، داڵ، باز، هەڵۆ، واشە، شەهێن، کوڕکوڕ، سوێسکە و..." لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەژین کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی ڕاوی نا یا سا یی و نەبوونی چاودێری و ڕەوتی سووتانی لێڕەوار و دارستانەکانی زاگرۆس، بەشێک لەو ئاژەڵ و باڵندانە لەناو چوون و ژیانان لە مەترسیدایە.

**•زاگرۆس و بەڕوو، لە ئەدەب و کولتووری کورددا:**
هەرچەند ناوچەی سروشتی و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس جیا لە کوردستان، چەندین ناوچەی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە، بەڵام دوو وشەی "زاگرۆس و بەڕوو" وەک دوو دیاردەی سروشتی، زیاتر بەکار دەهێنرێن و هەڵگری باکگراوەند و مانای قووڵی ژیان، پتەوی، قورس و قایم و هەرمان و نەمری وەک شاخ و کێون. زاگرۆس لە کولتووری کورددا مانای پەناگە، پاڵپشت، بەرزایی و هەڵکشان بۆ لووتکە و هەڵەمووت دەگەیەنێت. زاگرۆس ماوەی دوو دەیە زیاترە بووەتە ناوی کچ و کوڕانی کورد، ناوی گۆڤار، نامیلکە، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، دەزگای میدیایی و ماڵپەڕ. بەڕوو بە درێژایی مێژوو لەلای کورد، زۆر کارایی هەبووە، وەک سەرچاوەی بژیوی ژیان و وەکوو سووتەمەنی بەکار هێنراوە، بەڕوو کە لەنێو دڵی زنجیرە چیای زاگرۆسدا ڕواوە، دارێکی سەخت، پتەو و قایم و لەشکان نەهاتووە. کورد بەڕووی کردووەتە هێمای کۆڵنەدان، قایمی و ئەستووری و هەرمان و بەڕووی هاوشانی خۆی لەقەڵەم داوە و کردوویەتە هێمایەک بۆ بەردەوامی، ڕسکان و ڕاسانی نەتەوە و شۆڕشەکانی کورد. بۆیە لە شیعر و ئەدەبی زارەکی و نووسراوی کورددا شاعیر و هونەرانی کورد بەردەوام زاگرۆس و بەڕوو کە دوانەیەکی لێک دانەڕاون، وەک هێما بەکاریان هێناوە.



# سەفەری ییلدریم بۆ باشووری کوردستان بۆ چ مەبەستێک؟



عەلی مۆنەزەمی

لە دەستپێکی ساڵی ٢٠١٧ی زایینیدا لە پێشدا فرانسوا ئولاند، سەرۆک کۆماری فەڕانسە و دواتر بینالی ییلدریم، سەرۆک وەزیرانی تورکیە، هەر کامیان بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەرەدانی بەغدا و هەولێریان کرد. ئەم سەفەرانە لە لایەن هندێک کاربەدەستی هەرێمی کوردستانەوە وا لێکدرانەوە کە مەبەست و ئاکامی سەفەری ئەم دوو شاندە هاوتراز دەهاتە بەرچاو.

بەڵام بۆ ئێمە کە تا ڕادەیەک شارەزای سیاسەتەکانی ئەم دوو وڵاتەین، جیاوازییەکان بە باشی هەست پێدەکەین. هەر وەک چۆن شێوازی حوکمڕانی لە هەر دوو وڵاتی ئاماژە پێکراودا جیاوازە، ئامانج و کردەوەکانی ئەوانیش لە ئاست سیاسەتەکانی دەرەوەشیاندا بە شێوازێکی سرووشتی لە یەک جیاواز دەبێ.

سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتێکی وەک فەڕانسە کە لە هەڵەکانی ڕابردوویان بە نیسبەت نەتەوەی کورد دەرسیان وەرگرتووە و زۆربەی ڕێبەرانیان خۆیان بە دۆستی گەلی کورد دەزانن و لە وڵاتەکەیاندا نرخەکانی دێموکراتیک تا ئاستێکی بەرز گەشەیان کردووە و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ کوردستان دەتوانێ ببێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی دێموکراسی لە کوردستانیشدا، ناتوانێ هاوتەراز بێ لە گەڵ سیاستەکانی وڵاتێکی سێمی-دێموکراتیک کە پرسی کورد لە وڵاتەکەیدا هێشتا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. بۆ ئەوەی کە بتوانین لەو وتارە دا بابەتیانەتر لە سەر هاتنی وەها شاندێک بۆ کوردستان بدوێین، حەول دەدرێ بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک تئۆریی زانستی ڕامیاری لە سەر پەیوەندییەکانی دەرەوە و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو مژارە بخەینە بەر باس و ڕاقە.

## شرۆڤەی سەردانی ییلدریم لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە

ئێمە دەتوانین بە کەڵک وەرگرتن لە تئۆریی ڕئال پۆلیتیک / سیاسەتی ڕاست باوەڕانە، لە زانستی پەیوەندیی نێونەتەوەییدا ئاوڕێک لەو سەفەرەی ییلدریم بدەینەوە. هەر وەک کە دەزانین، لە ڕئال پۆلیتیکدا بە چاویلکەی هێزەوە سەیری هەڵ و مەرجی نێونەتەوەیی دەکرێ کە تێیدا وڵاتان لە خەتی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیاندا تێدەکۆشن.

ئەو یەکە لە بارەی پەیوەندییەکانی تورکیە و باشووری کوردستانیش ڕاستە. هەر جاریک کە تورکیە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان لە خەتەر کەوتبێ لە لایەن کوردەوە، پێشتر دەستیان دەدایە هەڕەشە لە باشووری کوردستان و بە زمانی چەکەوە قسەیان لە گەڵ باشوور دەکرد. لە بەر ئەوەی کە هەر جووڵەیەکی تورکیە لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیاندا بە نیسبەت باشوور لە تێڕوانینێکی ڕئالیستیانەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەو تێڕوانینەش بە نۆرەی خۆی وەها ڕێکارێک لە پێش تورکیە دادەنێ.

هەرکاتێک کە تورکیە بیویستبا لە ڕێگای پەیوەندییەکانی لە باشووری وڵات کارێک بکا، لە پشت هەڵوێستە سیاسییەکانییەوە

> **ئەگەر ئەو هێمنایەتییەی کە سەرانی حکومەتی تورکیە داوای دەکەن و خوازیارین بخولقێنن، هێمنایەتی لە تێڕوانینێکی ئیدیالیستییەوە بێ، دەبێ وەها هێمنایەتییەک بۆ هەموو تاک و نەتەوەیەک بێ کە هەموو نەتەوەکان بە شێوازێکی یەکگرتوو بۆ گەییشتن بەو هێمنایەتیە و بۆ ئاشتی خەبات بکەن.**

هەموو کاتێک پشتی بە هێزی زبری چەکداریی دەبەست.

یانی ئەگەر گرینگیی ئامانجەکانیان لەبەرچاو بگرین، پەیوەندییەکانی تورکیە و هاتنی ییلدریم تاکتیکیە بۆ گەییشتن بە ئامانجە ستراتێژیکییەکانی تورکیە. ئەو ئامانجانە دەتوانین وەک ڕکابەری لە گەڵ ئێران لە نێو عێراق و باشووری کوردستاندا، پێش گرتن لە پ ک ک بۆئەوەی دەست بەسەر ڕۆژئاوای کوردستاندا بگرێت، کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی نەوت و گازی کوردستان وەک ئاڵترناتیڤ لە بەرامبەر کەڵک وەرگرتنی تورکیە لە گاز و نەوتی ئێران و ڕووسیە و بەکارهێنانی باشووری کوردستان وەک بازاڕی شتومەکەکانی. لە بەرامبەر ئەو کارەدا شتێک کە نەسیبی باشووری کوردستان دەبێ ئەوەیە کە کێشی سیاسی و ستراتژیکی لە ئاستی ناوچە دەچێتە سەر و لە ڕکەبەریی ناوچەییدا قورسایی زیاتر دەبێ و هەروەها ڕێگای گەیشتن بە دنیای دەرەوەی بۆ ئاوەڵا دەبێ و لەو گەمارۆ وشکانیە ڕزگاری دەبێ کە جوغرافیا بۆی دروست کردووە. هەروەها ڕێگای هەناردە کردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگای بەندەری جێیهانەوە.

ئەگەر ئێمە بە چاویلکەی سیاسەتی ئیدیالیستی لەو پەیوەندییە بڕوانین کە دەوترێ ئەم جۆرە سیاسەتە بۆ خەملاندنە و لە نرخ و بەها مرۆڤییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، دەردەکەوێ کە هاتنی ییلدریم لە لایەک و ناردنی هێزی چەکدار بۆ باشوور ڕەنگە قازانجی دوولایەنەی تێدا بێ، کە تورکیە پشکی زۆرتری بەردەکەوێ.

ئەگەر ئەو هێمنایەتییەی کە سەرانی حکومەتی تورکیە داوای دەکەن و خوازیارین بخولقێنن، هێمنایەتی لە تێڕوانینێکی ئیدیالیستییەوە بێ، دەبێ وەها هێمنایەتییەک بۆ هەموو تاک و نەتەوەیەک بێ کە هەموو نەتەوەکان بە شێوازێکی یەکگرتوو بۆ گەییشتن بەو هێمنایەتیە و بۆ ئاشتی خەبات بکەن.

ئەو کات ئەوان لە سەر بناغەی هێز، کە فاکتۆرێکی قابیلی گۆڕانە، بەڵکوو لە سەر بناغەی هەندێک نرخی دیکە، وەک پەرەپێدان بە دێموکراسی، بەرزکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ و زۆر نرخگەلێکی دیکە سەرەدانی باشووریان بکردایە.

ئارامیی و ئاسایش و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ناوچەدا، بە بێ دەستەبەرکردنی مافی هەموو کەمینەکان و بەتایبەت بە بێ ئامادەیی بەرچاوی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە هاوکێشە سیاسی و ئیداری و ستراتژیکەکاندا جێگیر نابێ.

## سێمینارێک سەبارەت بە ئەگەرەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو

هە یئە تێکی حیز بی دێموکرات لە سێمیناری "ئەگەرەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی" کە لە پەیمانگای تکنیکیی هەیبەت سوڵتانی کۆیە بەڕێوە چوو بەشداریی کرد.

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سێمیناری "ئەگەرەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی" کرد کە بۆ پرۆفێسۆر دوکتور هوشمەند عەلی ڕێکخرابوو.

لەو سێمینارەدا دوکتور هوشمەند تیشکی خستە سەر لایەنەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حکوومەتەکانی کوردستان وەک حکوومەتی مەلیک مەحموود، کۆماری کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی ١٩٩١ی زایینی.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سێمینارەدا دوکتور هوشمەند هەلومەرجی ئێستای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان و بەتایبەت لە باشووری کوردستانی شی کردەوە و لە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کورد، پشتیوانیی نێودەوڵەتی، یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و بنەمای بەهێزیی ئابووری و چەند خاڵی دیکەی گرینگی بە زامنی پاراستن و درێژەدان بە دەرفەتێکی سەرکەوتوی کورد زانی.

لە و سێمینا ر ە د ا محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بەشی پێشنیار و بۆچوونی بەشداراندا، ڕا و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی لە سەر دەوڵەتی کوردستان باس کرد و ڕایگەیاند کە؛ ئێمە لە هەموو قۆناغەکاندا پاڵپشتی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد بووین و هەین.

## ئادەم گەوەری:

# گۆڕینی سیستەم بە قازانجی تاکرەوی و دیکتاتۆرییەت، بە دوایین هەناسەی دێموکراسی تورکیە دەزانم

**لە پێوەندی لە گەل دۆخی باکووری کوردستان و شەپۆلی گرتنی هاوسەرۆک و ئەندامانی هەدەپە و هەوڵەکانی ئاکەپە بۆ گۆڕینی سیستەمی تورکیا، بەڕێز ئادەم گەوەری، پارلێمانتێری هەدەپە وڵامی چەند پرسیارێکی رۆژنامەی کوردستانی داوەتەوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**وتووێژ: سەلیم زەنجیری**

***سەرەتا بفەرموون کە ئیستا باکوری کوردستان لە چ دۆخ و رەوشێک دایە؟***

لە دوای هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی تورکییە دا کە هەدەپە (پارتی دێمۆکراتیکی گەلان) وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی دێمۆکراتیک سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هاوسەنگییەکانی ناو تورکیەش تێک چوون. چونکە حکومەتی تاکلایەنەی ئاکەپەش تێکچوو و زەمینەی چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کوردیش تێک چوو. بە داخەوە لەو کاتەوە تا ئێستا سێبەری شەڕ، خوێنڕشتن، ئالۆزی، دەربەدەری، گرتن و کوشتن لە لایەن دەولەتەوە بە سەر تورکیا و باکووری کوردستان دا بەردەوامە و کورد ئامادەیە بۆ گەیشتن بە مافەکانی، لەوە زیاتر باج بدا و خۆڕاگر بێت.

بە داخەوە کەس باوەری نەدەکرد کە دۆخی تورکییەش هاوشێوەی سوریە و ئێران و عێراقی لێ بێت، هەموو کەس هیوادار بوو کە بە گۆڕانە دێمۆکراتیکەکان، یاسا، ئاشتی، دێمۆکراسی و ماف سەردەست و مافی گەلی کوردیش مسۆگەر دەبێت، بەڵام بە داخەوە ئەو دۆخەی ئێستا و ئەو رووداوانەی کە لە تورکییە دا روو دەدەن، تەواوی ئەو دەسکەوتانەی کە بە ناوی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤەوە بەدەست هاتبوون، لەناو برد و دیسان تورکیەی بۆ دەیان ساڵ پێش گەڕاندەوە.

لە ئەنجامی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەی ئەم دواییانەی کوردستان وهەروەها هەوڵی کودەتا و دواتریش ڕاگەیاندنی رەوشی ئاوارتە و دەرخستنی یاسا دژە دێمۆکراتیکەکان دا، تورکیە وێران کراوە، زۆر کەس گیراوە، زۆر کەس لە سەرکار لادراون و زۆر کەس دەربەدەر و ناچار بە جێهشتنی ولات کران و ..هتد.

بەڵام دوایین زەربە لە دێمۆکراسی تورکیا، لەم چەند رۆژانەی رابردوودا لە مەجلیسی تورکیە دا لێیدرا کە بڕیار درا سیستەمی وڵات بە قازانجی تاکرەوی، دیکتاتۆرییەت و توتالیتارییەت بگۆڕدرێت، و ئەمە بە دوایین هەناسەی دێمۆکراسی دەزانم، تاکوو لەمەو بەدواوە ئیتر کەس نەتوانێت باسی دێمۆکراسی، سیاسەت و موخالیفەت لە تورکیا دا بکات، و بەداخەوە ڕەنگە لەمەوبەدا رەوشی تورکییە بە ئاراستەی توندوتیژی، شەڕ،تەقینەوە و ئالۆزی زیاتر دا بچێت.

***هەڵوێستی ئێوە وەکوو هەدەپە لە بەرانبەر ئەو گۆڕانە یاساییانەی دەستوور لە مەجلیسی تورکییەدا چییە؟***

ئێمە وەکوو هەدەپە چ لە پارلەمان و چ لە دەرەوەی پارلەمانیش دا لە دژی ئەو گۆڕانە یاساییانەین کە ئاکەپە بە هاوکاری مەهەپە دەیکات و بە ڕای ئێمە نادێمۆکراتیکن و دەبێتە هۆی لەناوچوونی دێمۆکراسی تورکیە و مومکین نیە کە بتواندرێت لەو سیستەمە دا کێشەی کورد و کەمەنتەوەکان بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. موخالیفەتی جەهەپە (پارتی کۆماری گەل) ش تەنیا لە پێناو پاراستنی ئەو دەسکەوتانە دایە کە تا ئێستا بە ناوی کەمالیزمەوە بەدەستی هێناون، ئەوان لە دژی گۆڕینی سیستەم نین، بەڵکوو لە دژی دەسکەوتەکانی ئاکەپە و ئەردۆغانن. ئێستا سەرەڕای موخالیفەتی ئێمە و جەهەپەش، ئاکەپە ئەو گۆڕانکارییانەی دەستووری لە مەجلیس دا پەسەند دەکات و دواتر دەخرێتە بەر رای گشتی بۆ دەنگدان. لێرەدا تەنیا گەل دەتوانێت لە ریفراندۆم دا پێشی پێ بگرێت و "نا"ی پێ بلێت.

پێت وایە وێرای ئەو هەموو ئالۆزییانە و هەروەها نارەزایەتیانەی خەلکی تورکیە و تەنانەت لە ناو ئاکەپەشدا، ئەم سیستەم و دەستوورە لە ریفراندۆم دا دەنگ بهێنێت؟

ئێستا لە تورکیە زەمینەی گۆڕینی دەستوور لەبار نیە، لەبەر ئەوەیکە شەڕ، تێکهەڵچوون و رەوشی ئاوارتە هەیە و دوای کودەتا، دەوڵەت هەموو هەولەکانی خۆی بۆ سنووردارکردنی ئازادی، ماف و بەها مرۆییەکان دا خستووەتە گەڕ و ئێمە ناتوانین بە پێی ئەو دۆخەی ئێستا لە ناو گەل و ڕای گشتیدا موناقشەی ئەو یاسا و دەستوورە بکەین و بە باشی هەڵیسەنگێنین و نرخاندنی لە سەر بکەین. بۆیە ئەگەر ریفراندومیش بکرێت، لە سەر ئەساس و بناغەیەکی دێمۆکراتیک نیە، چونکە گەل ناتوانێ بە ئازادی ڕای خۆی لە سەر دەربڕێت، لەبەر ئەوەیکە میدیا چەوسێندراوەتەوە، زۆر لایەنی مەدەنی بێدەنگ کراون، زۆرێک لە رێکخراوە مەدەنیەکان داخراون، ئاکادێمیسیەنەکان گیراون و لە سەرلادراون، گوشار لە سەر سیاسییەکان دروست کراوە و زۆرێک لەوان دەستبەسەر کراون و ...هتد، لە دۆخ و فەزایەکی وەها دا ئاکەپە دەیەوێت بە ترس و خۆف ئەم سیستەمە لە سەر گەل فەرز بکات، گەلیش ناچارە بێدەنگ بێت، یان بە ترس ئەو یاسایە لە سەر سندۆقەکان ئەرێ بکات و ئاکەپە بگاتە ئامانجەکانی.

***ئێستا مقۆمقۆی هەڵبژاردنی پێشوەختە هەیە، ئێوە وەکوو هەدەپە چۆنی لێ دەڕوانن و ئایا ئیمکانی هەیە؟***

بەڵێ راستە. ئێمە وەکوو هەدەپە بە چاوی پڕنسیپەوە تەماشای ئەو مەسەلەی دەکەین. باوەڕییەکی قوولمان بە دەنگ و ئیرادەی خەلک هەیە و دەتوانین لە هەر کات و سات دا خۆمان بخەینە بەر لێپرسینەوە و ویژدانی گەل. بەڵام جەهەپە و مەهەپە و ئاکەپە ئەو مەسەلەیە وەکوو هەرەشە و کارت لە بەرانبەر یەکتر دا بەکار دێنن و لە لایەک خەلکی پێ چاوترسێن دەکەن و لە لایەکی تریشەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێ دابین و دەپارێزن، دەنا هیچ یەک لەوان لەو بوارەدا بە سەمیمی و نیەتپاک نابینم.

بە نەزەری من واقعییەت شتێکی دیکەیە و دۆخی ئێستای تورکییە لە بواری سیاسی، ئابووری و جڤاکی دا توانایی و ئامادەیی ئەوەی تێدا نیە کە بتوانێت هەڵبژاردنی پێشوەختە بەڕێوە ببات، هەر بۆیە من ئەو هەولەی ئەوان وەکوو چەواشەکاری دەبینم. بەڵام ئەگەر ئەو دەستورەی کە ئاکەپە ئێستا دەیەوێت بە زۆر بسەپێنێت، لە ریفراندۆم دا دەنگ نەهێنێت، ئاکەپە و ئەردۆغان بۆ زیادکردنی ڕێژەی پارلەمانتێرانی خۆی لە پێناو گەیشتن بە خەونی دا، حەتمەن هەڵبژاردنی پێش وەخت دەیهێنێتە رۆژەڤەوە.

***دەکرێت ئامارێکی راست و دروست لە سەر گیراوانی هەدەپە پێمان بدەیت؟***

ئێستا ١١ پارلەمانتاری ئێمە گیراون، سێ پارلەمانتاری تری هەدەپەش لە دەرەوەن کە حوکمی گرتنیان لە سەرە، هەروەها ١٠ پارلەمانتاری دیکەمان دەستبەسەر و دواتر ئازاد کران. بۆ زانیاریتان لە دژی ٥٥ پارلەمانتاری هەدەپە دۆز کراوەتەوە کە منیش یەک لەوانم. هەروەها زیاتر لە ٦٠ سەرۆک شارەوانیمان گیراون، بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەیەدا ٤٧٠٠ کەس لە سیاسەتمەدار، هاوسەرۆک، پارلەمانتێر، سەرۆک شارەداری و نوێنەرانی ئێمە گیراون و لە زینداندان و چاودێری و چاوسۆریش لە ئێمە و ئەندامانمان هەر بەردەوامە.

***جیا لە سیاسەتی سەرکوت و زولم و زۆردارییانەی دەولەتی تورکیە وەکوو لایەنێکی کێشەکە، ئێوە وەکوو کوردێک و پارلەمانتارێکی هەدەپە، هەڵەکانی لایەنی کوردی بە تایبەتی هەدەپە لە چیدا دەبینن لەو ماوەیەدا، پێتان وایە کە دەکرا چیتان بکردبایە کە بتوانن پێش لەو ئالۆزییانە بگرن بەڵام نەتانکردووە؟***

لە سەر هەموو سیاسی و پارلەمانتارێک فەرزە کە حیسابی کار و سیاسەت و پراتیکی بە گەلی خۆی بدات، بۆیە کەیفخۆشین لەو رەخنانەی کە گەل لە ئێمە دەگرێت، بەڵام کێشەی کورد و سەپاندنی شەڕ و ئالۆزی لە باکوور، ناگەرێتەوە سەر کەم و کۆڕی یان هەڵەکانی ئێمە، بەڵکوو لە ئەساس دا دەگەرێتەوە سەر هشمەندی دەوڵەت. چونکە دەوڵەتی تورکیش وەکوو هەموو دەوڵەتانی داگیرکەر، لە بەرانبەر گەلی کورددا سیاسەتی ئینکار بەرێوە دەبات و نایەوێت گەلی کورد بە ماف و ئازادییەکانی بگات و لە سەر خاکی خۆی ببێتە خاوەن ستاتوو و ناسنامەیەک. بە داخەوە ئێستا کورد لە بواری سیاسی، چاندی، ئابووری و کۆمەلایەتییەوە لە باردۆخێکی زۆر خراب دایە، لە رەوشێکی وەها دا ئێمەش ناتوانین سیاسەتێکی ئازاد و دێمۆکراتیک پێش بخەین و وڵامدەربین، بۆیە لە زۆر لاوە ئێمەش وەکوو هەدەپە دەکەوینە نیو کێشە و تەنگاسییەوە و ناتوانین وڵامدەری ئەو هەموو کێشە و ئالۆزییانە بین. ناخۆشتر لەمەش ناتوانین گەلەکەمان لە بەرانبەر ئەو هەموو زولم و زۆرداریيانە دا بپارێزین و بەرگرییان لێ بکەین. بۆیە رەخنەمان لە سەرە و گازندەشمان لێ کراوە و ئاگاشمان لێ هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتێکی باش پەیرەو بکەین، دەبێت سەرەتا هەوڵ بۆ رزگاری گەلەکەمان لەو بندەستییە بدەین و ئازاد بکەین و چارەسەری ئاشتییانە بدۆزینەوە. دواتر بە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی فرەڕەنگی و فرە دەنگی بە یەکەوە بتوانین ولامدەری ئەو هەموو کەمو کۆڕی و ئالۆزییانە بین.

***ئەگەر هەدەپە بەشداری لە حکوومەتی ئاکەپەی دا کردبا، پێت وایە دەگەیشتە ئەو دۆخە نالەبارەی ئێستا؟***

بەلێ، هەر دەگەیشتە ئەو دۆخە. چونکە مومکین نەبوو هەدەپە توانیبوایە لەو حکوومەتەی هاوبەشەی ئاکەپەدا جێ بگرێت و دەوام بێنێت، بۆ ئاگاداریتان ئاکەپەش ئەوەی نەدەویست و لە دڵەوە نەیدەویست هاوپەیمانێتی لە گەل کورد دا هەبێت. بەڵام خۆزگە هەدەپەش پێشنیاری بەشداریکردن لە حکومەت دا رەت نەکردبا، منیش وەکوو ئێوە ئەو هەڵوێستەی پارتەکەی خۆم رەخنە دەکەم. بە باوەڕی من، مومکین نەبوو کە ئاکەپە ئەو هاوپەیمانییەتەی لە گەل ئیرادەی گەلی کورددا پێک بێنێت، تەنانەت ئەگەر هەدەپە قبوولیشی کردبوایە، چەند رۆژ و مانگێک زیاتر دەوامی نەدەهێنا و ئاکەپە هاوپەیمانێتییەکەی تێکی دەدا. چونکە ئەردۆغان پێویستی بەوە هەبوو کە تاکلایەنە ببێتە دەسەلاتدار، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش شەڕ و ئالۆزی هێنایە ئاراوە و هێرشی کردە سەر گەلی کورد و ناوچەکانی.

بەڵام لە لایەکی تریشەوە، ئەو ئیمکانە هەبوو کە حەرەکەتی گەلی کورد وڵامی ئەو شەڕە نەداتەوە و بە ئیرادەی خۆی پێش بەم سیاسەت و کونسێپتی ئەردۆغانی بگرتبوایە و ئەوکات هەدەپەش نەدەکەوتە ناو وەها دۆخ و تەنگاسییەک دا و ئێمەش دەمانتوانی لە هەڵبژاردنی پێشوەختە کە لە ١ی مژدار دا بەرێوە چوو، زیاتر لە دەنگەکانی خۆمان بە دەست بهێنین و وڵامێکی باش بەو کونسێپتە شەڕەی ئاکەپە و ئەردۆغان بدەینەوە، بەڵام سەد حەیف و مخابن نەمانتوانی پێش بەو شەڕە بگرین و ئەوەش جێی رەخنەیە. چونکە ئەگەر بمانتوانیبا پێش بە شەڕ بگرین، ئیمکانی تێکدانی ئەو پیلانەی ئاکەپە و ئەردۆغانمان دەبوو.

***هاوسەرۆک و زۆرێک لە پارلەمانتێرانی هەدەپە گیراون و چاودێرییەکی توند خراوەتە سەر ئێوە، پلان و پرۆژەی ئێوە بۆ لەمەوبەدوا چی دەبێت؟***

بەردەوامی بەو سیاسەتەی خۆمان دەدەین کە لە سەر بناغەی سیاسەتێکی سڤیل و دێمۆکراتیک دامەزراوە و یەک میلیمێتریش لە سەر خواست و داخوازییەکانمان پاشەکشە ناکەین. چەند لە ئێمە بگرن و زیندانی بکەن، لە هێزی ئێمە کەم نابێتەوە و هەر سەردەکەوین. هەلبەت ئەوە هونەری هەدەپە نیە، بەڵکوو ئیرادەی گەلی کوردە کە وشیار بووەتەوە و خاوەندارێتی لە ماف و ئازادییەکانی دەکات و ئەگەر پێویست بکات، گیانی خۆیشی لە سەر دادەنێت تاکوو بوونی خۆی بسەلمێنێت. من دڵنیام کە سەردەکەوین، بەڵام پێم وایە رەوشەکە هێشتا دژوارتر دەبێت و ئیتر تورکیە گەیەنراوەتە نوقتەیەک کە دەرفەتی سیاسەت و خەباتی سڤیل - دێمۆکراتیک لە ژێر حوکمی ئاکەپە و ئەردۆغان نەماوە و هیوادارم کە ناچار نەبین کە رێی دیکە بگرینە بەر بۆ خەبات.

***مەسەلەن چ رێیەکی دیکە دەگرنە بەر؟***

رێگای ئاشتییانە و سڤیل زۆرن، بەڵام رەنگە ئەنجامەکەی گرتن و زیندانی کردن بێت هاوشێوەی هاوسەرۆک و ئەندامانی ئێمە. رەنگە ناچار بکرێین بە شێوەی ژێرزەمینی و شاراوە خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین، بەڵام رێی دیکەش هەیە کە نامەوێت بە راحەتی ناوی بێنم و دەزانین کە بە دەیان ساڵە لە کوردستان و لە سەر چیاکانی کوردستان شەڕ و بەرخۆدانێکی چەکداری هەیە و ئەگەر سیستەمێکی دیکتاتۆری هاتە ئاراوە، گەلی کورد بێ ئالتەرناتیڤ نیە و نابێت و بۆ ئەوەی کە بوونی خۆی و ئیرادەی خۆی بە قەبوولکردن بدات و مافەکانیشی دەستبەر بکات، ئامادەیە گیانی خۆیشی بەخت بکات.

***بەم سیاسەتە ئاکەپە دەتوانێ تورکیا بگەیەنێتە کەنارێک ئارام؟***

نەخێر. من پێشداوەری ناکەم، بەڵام ئەگەر شەیتان و نەیاریش ببێتە سەبەبی خێر و خۆشی و ئارامی و چارەسەری بۆ تورکیە، ئێمە وەکوو کورد قەبوولی دەکەین، و ئەگەر ئاکەپەش بتوانێ ببێتە هۆکاری ئاشتی و ئازدی و چارەسەری، یەکەم جارمن پشتیوانی خۆمی لێ دەکەم و ئەوکات داوای لێبوردنیش دەکەم، بەڵام زیهنییەت و مێنتالیتەی ئاکەپە و ئەردۆغانی تەکرەو و پاوانخواز و ئینکارکەر، هەڵگری ئەوە نیە کە بتوانێ سیستەمێکی دێمۆکراتیک بەرهەم بێنێت و تورکیا بگەیەنێتە کەناری ئارام.

***وەکوو دوایین پرسیار،هەر یەک لە پارچەکانی کوردستان بە شێوەیەک لە خەبات و تێکۆشان دان بۆ ماف و ئازادییەکانیان، لە رۆژهەلاتی کوردستانیش لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات بە نێوی ڕاسان هەڵدراوەتەوە. پێم خۆشە بزانم ئێوە لە باکوور چۆن تەماشای ئەو خەباتە دەکەن؟***

بەلێ ئێمە ئاگاداری خەبات و بەربەرەکانێی هەموو پارچەکانی کوردستانین لە پێناو وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانیان دا و بە چاوی رێز و حورمەتەوە تەماشیان دەکەین، بەڵام بە دروستی نازانم کە لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەم کە چ شێوە لە خەبات لە پێش بگرن. بە تایبەتی لە رۆژهەڵات لەمدواییاندا هەواڵی شەڕ و شەهیدبوونمان بیست، لێرەوە سەری رێز بۆ شەهیدەکان دادەنوێنم و شەهیدبوونیان لێ پیرۆز دەکەم. بەڵام ئەگەر ئیمکان هەبێت کە رۆژهەلات بە شێوەی ئاشتییانە بتوانێت مافەکانی دەستەبەر بکات زۆر باشترە لەو شەڕەی کە ئێستا لە باکوور دەگوزەرێت، هەر چەندە کە ئەوە داگیرکەرانن بە زیهنییەتی دیکتاتۆری و پاوانخوازی خۆیانەوە شێوەی خەبات و بەرخۆدان بە سەر ئێمە دا تەحمیل دەکەن، ئێرانیش ئامادە نیە کە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بۆیە من رێز لە خەبات و تێکۆشانی رۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە دەگرم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازم و پێیان دەلێم کە دڵمان لە گەڵتانە.

بەهار حسێنی

# (ڕێبەندان، مانگی لەدایکبوون)

ڕێبەندانێ
خاک
شەپۆلی شەوەزەنگ و
سەرابی سارا و
شالاوی نەپچڕاوی خۆڵبارین و
سەهۆڵبارین و
برینبارینی ناشت..
ڕێبەندانێ
حیلەی ئەسپی سپی ئازادیی
لە چوارچرادا
چراخانی داگیرساند و
ماڵ بە ماڵ
چرا چرا
تاریکیی کوژاندەوە.
ڕێبەندانێ
شەقامەکانی مهاباد
شکۆ فەیان کرد،
لازەوەرد و شەوق و یاقووت ڕژان
ئاویەر گمەی هات و
زرێبار پڕ بوو لە هاژە و
پەنگری ئیرادە
دێ بە دێ و
شار بە شار و
کێو بە کێو درەوشایەوە.
ڕێبەندانێ
کارێزێ لە بلێسە و
دەریاچەیێ لە نوور و
گڕکانێ لە نار و
شمشێر و گوڵنار
زرنگانەوە.
ڕێبەندانێ
مێژووی تاریکیی
ئە شکە و تە کا نما ن
دایە دەستی گزنگ و
گەواڵە هەور و گەردەلوول و
زریانمان
کردە نمە نمەی باران و
باڵای بورجی ئاسۆمان
بە ڕەنگی خوناو و
نەسیمی سەحەر و
گەڵاو گوڵی دارلیمۆ و
نەرگسی شەهلا داپۆشی و
درەوشاینەوە..
ڕێبەندانێ
لە گێژەنی زەریای
بۆنی گوڵلە و
ڕەنگی تەرم و
هاوار هاواری ڕووخانی زەمیندا
چوارچرا چارۆگەی ئازادیی
کەشتییێکی ئازادی هەڵکرد و
لکانی لکاند و
بەستەڵەکی سنووری
بە مەشخەڵی ڕەنگ و
بوومەلەرزەی شەفەق تواندەوە.
ڕێبەندان بوو.. ڕێبەندان
دیرۆکی نوێمانی پڕ کرد
لە گوڵەستێرە و سروودی
گولالان،
شەپۆلی خەونە خەوتووەکانی
کرد
بە دەریای پشکۆ و
گەڵا گەڵای ئومێدیش
بە دارستانی موتوربەکراوی
ئازادی.
ڕێبەندان بوو
کە سنووری ناسنوورمان
دایە سڕانەوە و
ئاسمانمان بوو بە ئاسمانمان،
ماڵمان بە ماڵمان و
گیا و بەفر و خۆرمان
بە خۆر و بە فر و گیامان و
ڕێبەر و داربەلاڵوکە سوورەکان
و
خاکیشمان بە هی خۆمان.
لە ڕێبەندانا من لە دایکبووم
ئێستا کۆمارم و
فوارە و قەڵبەزەی تیشکم من
لە ڕەگمەوە ڕووبارێ خوێن
ڕوو لە ئامەد ڕێ دەکا..
ئالاییێکی جاویدانی
بە باڵەکانی بازێ دەنێرمە
هەولێر و
دەریایێ خەونی سپیش
بە حیلەی کەحێڵێکی سپی
ڕوو لە قامیشلوو.
ئێستا من کۆمارم و
زمانم لە چاپخانە و کتێبەکاندا
زمانی نیشتمانمە،
زمانی شکۆمە و
زمانی دایکم.
ئێستا من کۆمارم
لە منا باڵندەکان
بە کوردی دەخوێنن و
تەوار و هەڵۆ بە کوردی
نمایشی عەشقیان
لە ئاسمانا دەنووسنەوە و
گیای سەر بەردەکان
بە کوردی دەشنێنەوە..
من کۆمارم و
لە منا شیعر لە چاڵ و
دەلاقەی ئەشکەوتا دێتەدەر و
قەڵەم چرۆ دەکا..
سینەما ئەم مەخەر و ئەو
گەڕەک و
ئەو دێ و
ئەم شار هەڵفڕ هەڵفڕ دەکا و
لە هەموو لایێ
سەدا و کوڕژنی شانۆ دێ و
پەیکەر پەڕوباڵی ئازادیی لێ
دەروێ و
دەنگی زولاڵی ڕۆژنامە
ڕوو لە ئاسمان هەڵدەکا..
من کۆمارم و
لە منا ژنەکان خۆر دەپۆشن
ئیتر کەوی قەفەس
بانگی کەوی کێوەکان ناکا و
زەماوەندی ئاوێتەبوونی
خوێنی هەر چوار پارچە
دەسپێدەکا.
من کۆمارم و
دوای یازدە هەیڤ
لە خۆرهەڵکشان و
دوای یازدە تاقهەیڤ و
دوای یازدە مانگ
لە ڕەنگدانی بوقعەیێ
کە لە دەنگ و ڕەنگ و خوێن
و
ڕەگی قازییەوە بوو
غوباری ئەهریمەنی غوبار و
تەمی تاریکیی و
زەمەنی چڕنووکی گورگەکان
و
لێشاو لێشاوی دڕکەکانی
جیهانی تاریکیی
بەرەو من هات
قازییم بە پەیژەی ڕووناکی
ڕوو لە پەت هەڵزنا و
دوای ئەو ترسم نەما
کە ئیتر هەزاران و هەزاران
ئەستێرەم لێ دەباری.
ئیتر دوای من
کوردستانی گەورەم لێ دەبارێ.





# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح

## نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

**سازدانی: ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام**

**بەشی هەشتەم و کۆتایی**




**ڕۆژەڤ: کەواتە ئەو هەوڵانە دەتوانن ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو بن لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی شۆڤینیزمانەی حکوومەتی ئێران؟**

**شەریف فەلاح:** بێگومان وایە هەوڵێکی گونجاو دەبن، چوونکە کۆماری ئیسلامی هەروەک لە جەوهەریدا دیارە هەتا زەختی لەسەر نەبێت، تاکوو هەست بەوە نەکات لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە هەڕەشەیەک ڕووبەڕووی ئەمنیەت و ئاسایشی نەتەوەیی نەبێتەوە، دەست ناداتە چالاکی و پەرچەکردار، بێگومان پەرچەکردارەکانی کۆماری ئیسلامییش بە نیەتی چارەسەر و ڕیشەکێش کردنی کێشە و ئاستەنگەکان نین، بەڵکوو پەرچەکردارەکەی ئەو پەرچەکردارێکی هەڕەشە ئامێزە و دەیەوێ بە شێوازێکی نەرم ئامێری و چەواشەکارانە و سیاسییانە و بەهەمان توانایی زمانی و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە لەناو فەرهەنگی زاڵدا بتوێنێتەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە ڕێگای ورووژاندنی هەستی زمانی و نەتەوەیی کوردەوە هەوڵەکانی چالاکانی فەرهەنگی کورد دابمرکێنێتەوە، بڕوانن دانانی بەشی کوردیی هەوڵدریی (میهر)، دانانی بەشی کوردیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە تاران و لە ڕایەڵگەی سەحەر سایتێکیان هەیە کە هەمووی کوردییە، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەبینی ناوەڕۆکی هەواڵ و چالاکی و بابەتەکانیان پەیوەندیی بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبێت، سەرلەبەری ئایدۆلۆژیای حکوومەت و چالاکیی ڕۆتینی ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامییە، ئەو دەیەوێ بڵێ بەڵێ زمانی کوردی لە ئێران ئازادە و بەکار دەهێنرێت، بەڵام زمانی کوردی چۆن بەکار دێت و لە بەرژەوەندیی ئایدۆلۆژیای کێدایە، ئایا زمانی کوردی نەکراوەتەوە ئامراز؟ بێگومان کراوەتە ئامراز، ئێران دەیهەوێ وابنوێنێ هەستی من و تۆ کە هەستێکی تینوویە لە فەرهەنگ و زمانی خۆمان وشکی بکات، ئەو دەیهەوێ ئەو هەست و تینوێتی و کانیاوە کە لەمێژە خەریکە بتەقێتەوە، کە کانیاوی تینوێتیی زمانی کوردییە، سەرچاوەکەی وشک بکات و نەهێڵێت کانیاوەکە بگاتە ئاقار و بیابانی ویشکەڕۆی تینووی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەیهەوێ بیکاتە زنە، زنەش ناگاتە بیابان، بێگومان وشک دەبێت، ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە و ئامانجی چەند ساڵی ڕابردووی هەر ئەوە بووە.

کۆماری ئیسلامی لە زمانی کوردی دەترسێ لە گەشەکردنی دەترسێ، چوونکە وشیاریی نەتەوەیی گەشە دەکات، تاکی کورد شوناسی خۆی لەنێو زماندا دەبینێتەوە، کە شوناسی خۆیشی بینییەوە، ئیدی لەنێو بازنەی بێ‌شوناسیدا ڕزگاری دەبێت، ئەگەر ڕزگاریشی بووە، بێگومان نا بە کۆماری ئیسلامی دەڵێ، بۆیە هەمیشە هەوڵەکانی چەواشەکارانە، پیلانگێڕانە بووە، کاتێک لە زانکۆی ئازادیی ئیسلامی سنە دوو واحێدی ئیختیاری دانا و پاش سێ مانگ فەشەلی هێنا، ئەمە سووکایەتییە ئەگەر زمان زمانە بۆ دەبێ بڵێی ئیختیاری بێت؟، ئەگەر مافە، ئەگەر زمانە، زمان دەبێ لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنەوە بخوێندرێت، بە شێوازێکی فەرمی، نەک لە ئاستی باڵای زانکۆدا، قوتابی ١٦ ساڵ دەخوێنێت، لەگەڵ زمانی فەڕەنسی، ئینگلیزی و فارسی.. ئاشنا دەبێت، بێجگە لە زمانەکەی خۆی نەبێ، ئەمە سووکایەتییەکی گەورەیە، نابێ کورد ئەمە قبووڵ بکات، دەبێ وەک ماف داوای بکات، وەکوو مافی سەرەتایی و سروشتی داوای بکات، نەک وەکوو خێر و خێرات.

**ڕۆژەڤ: ئەرکی ڕۆشنبیران، زمانزانان و بەگشتی حیزبە کوردییەکان چییە؟ دەبێت چی بکەین ئەوەی لە خوێندنگەی ئێراندا بە منداڵەکانمان دەگوترێ و چۆن لە مێشکیاندا دەریبێنینەوە و دیسان شتی تریان پێ بڵێینەوە و تێیان بگەیەنین؟ بەگشتی ئەو هەنگاوە نزیک مەودا و دوورمەوداییانەی کە پێویستە لەو بارەوە بنرێن چین؟**

**بێگومان خوێندنی زمانی دایکی لە قوتابخانە یەکێک لە ڕێکارە کاریگەرەکانە، بەڵام ئێستا کە سیستمی سیاسیی ئێران ئەو دەرفەتەی نەداوە، لە چ ڕێگا و ڕێکارێکەوە دەتوانین زمانی کوردی پارێزین؟**

**شەریف فەلاح:** ئەوەی کە ئەرکی ڕۆشنبیران و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە، پێم وایە دوو شتی لێک جیاوازن، یەکەم ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەیە لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکانە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەحزابی سیاسییە، چوونکە ئەمە خاوەنی باکگراوەندێکی مێژووییە، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە هەموو مێژووی کورددا بگەڕێت هیچ میرنیشنێک هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی، هیچ حکوومەتێکی کوردی کۆماری کوردستان لێ بەدەر، کە ئەو هەڵگری گوتارێکی فەرهەنگی بوو چوونکە دامەزرێنەرانی کەسانی فەرهەنگی و زمانەوان و ئەدیب و نووسەر و فەرهەنگی و هەڵگری ئایدیا و خوێندنەوەیەکی فەرهەنگی بوون، هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی و هیچ میرنیشینێک هەڵگری گوتارێکی فەرهەنگی و زمانی نەبووە، هەموویان لە پەرچەکرداری زوڵم و زۆرەوە دروست بوون و ویستوویانە کیانی سیاسی دروست بکەن، بەڵام خاوەنی گوتاری فەرهەنگی نەبوون، بۆیە ئیستاش ئەحزابی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە لە بەرنامە و پێڕەویاندا خاوەنی بەرنامەی فەرهەنگی هەن، بەڵام بەو شێوازە کە دەبێ کاری فەرهەنگییان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردووە، ئەمەش خۆی هۆکاری زۆرە بەهۆی دووربوونیانە لە خودی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاخۆ ئەرکی سەرەکیی ئەحزابی کوردی چییە؟ لێرەدا دەبێ ڕۆشنگەری بکەن، ئەحزابی کوردی دەبێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانیانەوە هەموو ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ ئاسیمیلەکردنی زمان و فەرهەنگی ئەدەبی کودی لە ڕێگای ئایدۆلۆژیای خۆیەوە لەناو سیستمی پەروەردەدا لە مێشکی منداڵانی کورددا دەچەسپێنێ، بسڕنەوە و لەقاوی بدەن، لە ڕێگای جۆراوجۆرە ناوەڕۆکی ئامانجی پشتی پەردەی سیاسەتەکانی بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە، ڕۆشنگەری بۆ کورد بکەن و بەتایبەت ڕۆشنبیرانی کورد لە نێوخۆ دەبێ بە درێژەدان بە ڕەوتی فێرکاری لە دەرەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی هەروەک تاکوو ئێستا ٣٧ ساڵە ئەنجامیان داوە، من پێم وایە ئەو ڕەوت و پرۆسە ئاساییەی خۆیان بپێون زۆر بەنرخ و زۆر کاریگەرتر دەبن، هەروەک تاکوو ئێستا کاریگەر بوون، هیچ ئیمکانیات و پێویستییەک و هیچ ناوەندێکی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی خزمەت بە چالاکانی کورد ناکات.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 693 ▪ 19 jun 2017

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia





# ٢ی ڕێبەندان
# هێمای ڕابوونی نەتەوەیی